حکوومەتی هەرێمی کوردستان - عیراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانـــکۆی پـــۆلیتەکنیـــکی هـەولـــێر
کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر
بەشی تەکنیکی کارگێڕی کار

# سەرکردایەتی کارگێڕی و ڕۆڵی لە بەرزکردنەوەی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی

**توێژینەوەیەکی شیکاریە لە ڕاوبۆچوونی بەشێك لە فەرمانبەرانی وەزارەتی خوێندنی باڵآ و توێژینەوەی زانستی لە شاری هەولێر**

ئەم توێژینەوەیە

پێشکەشی ئەنجومەنی بەشی تەکنیکی کارگێڕی کار کراوە، وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریوس لە زانستی کارگێڕی کار

**ئامادەکردنی قوتابیان:**

**١ . یحیی بایز رسول**

**٢ . احمد زرار سعید**

**٣ . جنان حامد جمیل**

**بە سەرپەرشتی:**

**م. دیلان فؤاد کریم شێراوانی**

2724 کوردی    1445 کۆچی    2024 زاینی

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر سەرپەرشتیاریی من، لە بەشی کارگێڕی کار، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، ئەنجامدراوە وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کارگێڕی کاردا، من پشتگیری دەکەم و ڕازیم بەو شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی گفتۆگۆ بکرێت.

واژوو:

ناو: م.دیلان فؤاد کریم شێروانی

بەروار: / / ٢٠٢٤

# بڕیاری لێژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەکو لیژنەی گفتوگۆ، ئەم توێژینەوەیەی بەردەستمان، بە ناونیشانی ( سەرکردایەتی کارگێڕیی و ڕۆڵی لە بەرزکردنەوەی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی - توێژینەوەیەکی شیکاریە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی) خوێندەوە و گفتوگۆمان لەگەڵ قوتابیەکاندا لەبارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی دیکەی کرد، ئێمە بڕیار دەدەین کە پێداویستیەکانی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی تێدایە.

سەرۆك

بەروار: / /٢٠٢٤

| | |
|---|---|
| ئەندام | ئەندام |
| بەروار: / /٢٠٢٤ | بەروار: / / ٢٠٢٤ |

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

{اقْرَأْ باسْمِ ربّكَ الَذِي خَلَقَ ﴿١﴾ خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ ﴿٢﴾ اقْرَأْ وَرَبُكَ الْأَكْرَمُ
﴿٣﴾ الَذِي عَلَمَ بالْقَلَمِ ﴿٤﴾ عَلَمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ﴿٥﴾ }

**صدق الله العظم**

**سورة العلق (١ -٥)**

## پێـــــشكـــەشـــە:

- ❖ بە دایك و باوكمان كە هەردەم بە هیوای سەركەوتنمان بوون، و ڕێگەی ئاشنابوون و تامەزرۆی خوێندیان بۆمان ڕوونكردەوە.

- ❖ بە هەموو كەسانەی كە بە هیوای گەشەكردن و پێشكەوتنی سیستەمی كارگێڕین.

- ❖ بە هەموو ئەو كەسانەی ڕۆژێك لە ڕۆژان وشەیەكیان فێركردووین.

**توێژەران**

# سوپاس و پێزانین:

- پێش هەر شت و هەر کەس سوپاس بۆ یەزدانی خاوەن دە سەلآتی ڕەها، ئەمە بە فەزڵی ئەو دەزانین.
- گرینگە لە ساتە وەختی هاتنەبەرهەمی کارەکانمان و گەیشتن بە ئامانجەکان ئەو کە سانە لە بیر نەکەین کە کەم تا زۆر هاوکارمانبوون، بە پێویستی دەزانین زۆر سوپاسی سەرپەرشتیاری ئەم توێژینەوەیە (م. دیلان فؤاد ) بکەین لەو ڕێنوێنانەی لە کاتی کارکردن لە توێژینەوەکەدا دڵسۆزانە و ماندوونەناسانە هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵماندابووە و سەرچاوەیەکی زانیاری و زانست بووە بۆمان.
- زۆر سوپاس بۆ بەڕێز (پ.ی.د. هەژار طلعت) مامۆستا لە کۆلێژی بەڕێوەبەردن و ئابووری لە زانکۆی سەلاحەدین کە لە بەرنامەی (SPSS) یارمەتی داین.
- سوپاسی بێ پایانمان بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە ماندووبوونیان کێشاوە لە پرکردنەوەی ئەم فۆڕمەدا.
- سوپاسی هەموو ئەوکەسانە دەکەین کە بە هەر شێوەیەك بێت هاوکاریان کردوین بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیە.

**توێژەران**

# پوختە

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی زانینی ڕۆڵی سەرکردایەتی کارگێڕیە لە بەرزکردنەوەی پابەندبوونی ڕێکخراوەییدا لەناو وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیدا. کە توێژینەوەکە میتۆدی شیکاری وەسفی بەکارهێناوە بۆ وەسفکردن و شیکردنەوەی پەیوەندی و کاریگەرییەکانی نێوان ڕەهەندەکانی سەرکردایەتی کارگێڕی (شێوازی ئۆتۆکراسی، دیموکراسی و باوانی) و پابەندبوونی ڕێکخراوەیی.

کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە فەرمانبەرانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، کە لەم توێژینەوەیەدا فۆڕمی ڕاپرسی وەك ئامرازی سەرەکی بۆ بەدەستهێنانی داتا و زانیاری پەیوەست بە لایەنی مەیدانی بەکارهاتووە کە بەسەر (٥٠) فەرمانبەر دابەشکراوە ، و بەرنامەی (SPSS - ٢٢) بۆ شیکاری ئاماری بەکارهاتووە.

ئەنجامی توێژینەوەکە پەیوەندییەکی ئەرێنی بەهێز لە نێوان سەرکردایەتی کارگێڕی و پابەندبوونی ڕێکخراوەیی بە گشتی و لەسەر ئاستی ڕەهەندەکانی سەرکردایەتی کارگێڕی(شێوازی ئۆتۆکراسی، دیموکراسی و باوانی) لەگەڵ پابەندبوونی ڕێکخراوەیی نیشان دا، هەروەها دەرکەوتووە کە بە شێوەیەکی گشتی و لەسەر ئاستی ڕەهەندەکانی سەرکردایەتی کارگێڕی کاریگەری زۆری هەیە لە بەرزکردنەوەی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی.

توێژینەوەکە پێشنیاری برەودان بە کلتوری هەماهەنگی و پەیوەندی کراوە لە نێوان بەشە جیاوازەکانی ناو وەزارەت دەکات، کە ئەمەش بەشدارە لە باشترکردنی لێکتێگەیشتن و ئاڵوگۆڕی زانیاری و ئەزموونەکان لە نێوان تاکەکاندا و پابەندبوونی ڕێکخراوەیی بەرز دەکاتەوە و بەم شێوەیە کاریگەری ئەرێنی لەسەر ئەدای کارەکان دەبێت، هەروەها باشترکردن و دروستکردنی ژینگەیەکی کارکردنی ئەرێنی و پاڵپشت کە هاندانی داهێنان بێت ئەمەش لەڕێگەی دابینکردنی شوێنی کارکردنی گونجاو و پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، کە ئەوەش هاوکاری و ڕەزامەندی لە کار بەرز دەکاتەوە. هەروەها پێشنیاری هاندانی سەرکردایەتی ئەرێنی و ئیلهامبەخش و درەوشاوە دەکات لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی باڵا چونکە سەرکردایەتی ئەرێنی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بەرزکردنەوەی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی و ئەدای کار.

کلیلی وشەکان: سەرکردایەتی کارگێڕی و پابەندبوونی ڕێکخراوەیی

# پێڕستی بابەتەکان


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| أ | پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار |
| ب | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ |
| ت | قورئانی پیرۆز |
| ث | پێشکەشکردن |
| ج | سوپاس و پێزانین |
| ح | پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی |
| خ-ذ | پێڕستی بابەتەکان |
| ر | پێڕستی خشتەکان |
| ر | پێڕستی شێوەکان |
| ١ | پێشەکی |
| | دەروازەی یەکەم - لایەنی میتۆدی |
| ٢-٩ | بەشی یەکەم<br>میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە |
| ٢ | تەوەرەی یەکەم/ میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە |
| ٢ | یەکەم/ کێشەی توێژینەوەکە |
| ٢-٣ | دووەم/ گرنگی توێژینەوەکە |
| ٣ | سێیەم/ ئامانجی توێژینەوەکە |
| ٣ | چوارەم/ گریمانەی توێژینەوەکە |
| ٤ | پێنجەم/ میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە |
| ٤ | شەشەم/ کۆمەڵگای توێژینەوەکە |
| ٤ | حەوتەم/ سنوری توێژینەوەکە |
| ٥ | هەشتەم/ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتاکان |
| ٥ | نۆیەم/ مۆدێلی توێژینەوەکە |
| ٦ | تەوەر دووەم/ توێژینەوەکانی پێشوو |

| | |
|---|---|
| یەکەم/ توێژینەوە عەرەبیەکان | ٨ |
| دووەم/ توێژینەوە ئینگلیزیەکان. | ٨-٩ |
| سێیەم/ بەراورد کردن لە نێوان توێژینەوەکانی پێشوو و ئەم توێژینەوەیەی ئێستا | ٩ |
| دروازەی دووەم - لایەنی تیۆری | |
| بەشی دووەم<br>سەرکردایەتی کارگێڕی و پابەندبوونی ڕێکخراوەیی | ١٠-١٦ |
| پێشباس | ١٠ |
| تەوەرەی یەکەم/ سەرکردایەتی کارگێڕی | ١٠ |
| یەکەم/ چەمکی سەرکردایەتی کارگێڕی | ١٠ |
| دووەم/ تایبەتمەندی سەرکردایەتی کارگێڕی | ١١ |
| سێیەم/ گرنگی سەرکردایەتی کارگێڕی | ١١-١٢ |
| چوارەم/ شێوازەکانی سەرکردایەتی کارگێڕی | ١٢-١٣ |
| تەوەرەی دووەم/ پابەندبوونی ڕێکخراوەیی | ١٤ |
| یەکەم/ چەمکی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی | ١٤ |
| دووەم/ تایبەتمەندی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی | ١٤ |
| سێیەم/ گرنگی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی | ١٥ |
| چوارەم/ ڕەهەندەکانی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی | ١٥-١٦ |
| دەروازەی سێیەم - لایەنی مەیدانی | |
| بەشی سێیەم<br>خستنەڕووی زانیاریەکانی توێژینەوەکە | ١٧-٢٧ |
| یەکەم/ وەسفکردنی کۆمەڵگا و بژاردەی توێژینەوەکە | ١٧ |
| دووەم/ وەسفکردن و شیکردنەوەی زانیارییە تایبەتیەکان | ١٧-١٨ |
| سێیەم/ پێوانەکردنی ڕاستی فۆرم ڕاپرسی | ١٨-١٩ |
| چوارەم/ فریکوێنسی، ڕێژەکان، ناوەندی ژمارەیی و لادانی پێوەرییەکان | ١٩-٢١ |
| پێنجەم/ پێوانەکردنی مۆدێلی توێژینەوەکە و گریمانەکانی | ٢٢-٢٧ |
| بەشی چوارەم<br>ئەنجام، پێشنیاز و ڕاسپاردەکان | ٢٨-٣٠ |

| | |
|---|---|
| یەکەم/ ئەنجامەکان | ٢٨ |
| دووەم/ پێشنیازەکان | ٢٩ |
| سێیەم/ ڕسپاردەکان | ٣٠ |
| سەرچاوەکان | ٣٢-٣١ |
| پاشکۆکان | ٤٢-٣٣ |
| أ. فۆڕمی پسپۆڕان | ٣٨-٣٥ |
| ب. فۆڕمی ڕاپرسی | ٤٢-٣٩ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی | أ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | ب |

# پێڕستی خشتەکان


| لاپەڕە | ناونیشانی خشتە | ژمارە |
|---|---|---|
| ١٧ | زانیارییە تایبەتیەکانی بەشداربووان ڕووندەکاتەوە | ١ |
| ١٨ | تاقیکردنەوەی ئەلفا کرۆنباخ بۆ پێوانەکردنی ڕاستی فۆڕمی ڕاپرسی ڕووندەکاتەوە | ٢ |
| ١٩ | فریکوێنسی، ڕێژەکان، ناوەندی ژمارەیی و لادانی پێوەرییەکان  لە نێوان ڕەهەندەکانی گۆڕاوەی سەربەخۆ ڕووندەکاتەوە | ٣ |
| ٢٠ | فریکوێنسی، ڕێژەکان، ناوەندی ژمارەیی و لادانی پێوەرییەکان  لە نێوان ڕەهەندەکانی گۆڕاوەی شوێنکەوتە ڕووندەکاتەوە | ٤ |
| ٢٢ | کاریگەری سەرکردایەتی کارگێڕی لەسەر پرۆسەی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی | ٥ |
| ٢٤ | کاریگەری ڕەهەندەکانی سەرکردایەتی کارگێڕی لەسەر پرۆسەی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی | ٦ |
| ٢٦ | تاقیکردنەوەی جیاوازی بۆ بۆچوونی وەڵامدەرەوەکان سەبارەت بە تایبەتمەندییە کەسییەکان ڕووندەکاتەوە | ٧ |
| ٣٤ | ئەو نمرانەی کەوا پسپۆڕان داویانە لە کاتی تاقیکردنەوەی ڕاستی فۆڕمی  ڕاپرسی | ٨ |


# پێرستی شێوەکان


| لاپەڕە | ناونیشانی شێوەکان | ژمارە |
|---|---|---|
| ٥ | مۆدێلی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە | ١ |

## پێشەکی:

سەرکردایەتی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیە، هەر لە دێر زەمانەوە ئەم پرۆسیە پەیڕەوکراوە و گرنگی خۆی هەبووە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی و لە دە ستی نەداوە لە ڕابردوو و لە ئێ ستا و لە ئاییندە، هێز و دە سەڵات لەلای بەهێزکان و دەسەڵاتدارەکانە، کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی دەخەنە سەر لاوازەکان.

سەرکردایەتی هەر بەتەنیا هونەر نیە، تەنانەت بنەما و پرەنسیپی زانستی تایبەت بە خۆشی هەیە، پێویست بە فێربوون دەکات و لە هەموو پلەکان و زیاتر لە پلە نزمەکاندا پشتی پێ دەبەسترێت و سودی لێ وەردەگیرێت.

لە ڕاستیدا فەرمانبەران و پابەندبوونیان پێویستیان بەوەیە سەرکردایەتی بکرێن، چونکە پەیوەندیان بە دا هاتووی دا مەزاروە کا نەوە هە یە، و دەبێ تە هۆی گۆڕانکاری گەورە و جۆریی، و یەکێکە لەو ڕەفتارە خوازراوانەی کە دەزگاکان هەوڵی بەرزکردنەوەیان دەدەن لەنێو فەرمانبەرەکانیداندا، و سەر چاوە مرۆییەکان گرنگترین سەروەت و سامانن کە ڕێکخراوەکە خاوەنییەتی، هەر بۆیەش گرنگیەکی زۆر دەدات بۆ بەدەستهێنان و بەرزکردنەوەی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی لەنێو ئەندامەکانیدا.

ئەرکەکانی سەرکردایەتی کارگێڕی بریتییە لە ڕێنماییکردنی تیمەکە بەرەو تێڕوانینێکی ڕوون و ئامانجێکی هاوبەش کە هەمووان هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن. بۆیە پێویستە سەرکردەکان نموونەی ڕۆڵی ئەرێنی بۆ فەرمانبەران دابنێن و ئیلهامیان پێ ببەخشن و پشتگیری لە ئامانج و دەستپێشخەرییەکانیان بکەن.

سەرەڕای ئەوەش، پێویستە سەرکردەکان پاڵپشتی و سەرچاوەی پێویست دابین بکەن بۆ فەرمانبەران بە مەبە ستی پەرەپێدانی توانا و لێهاتووییەکانیان، کە بە شداریکردنی چالاکانە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکەدا بەهێزتر دەکات. هەروەها ڕۆڵی ئەوان بریتییە لە برەودان بە هە ستی سەربەخۆیی و نا سنامەی ڕێکخراوەیی، بە بنیاتنانی ژینگەیەکی کار کە هانی هاوکاری و کارلێکی ئەرێنی بدات لە نێوان ئەندامانیدا.

بە کورتی، ڕۆڵی سەرکردایەتی کارگێڕی لە با شترکردنی پابەندبوونی ڕێکخراوەییدا فاکتەرێکی گرنگە کە بە شداری دەکات لە بنیاتنانی کلتوورێکی کاری ئەرێنی و کاریگەر و دڵنیابوون لە بەردەوامی سەرکەوتن و گەشەپێدانی ڕێکخراوەکە لە ژێر ڕۆشنایی ئاستەنگییە بەردەوامەکان.

## دەروازەی یەکەم

## لایەنی میتۆدی

## بەشی یەکەم

## میتۆلۆژیای توێژینەوەکە

### تەوەرەی یەکەم/ میتۆلۆژیای توێژینەوەکە

یەکەم/ کێشەی توێژینەوەکە

دووەم/ گرنگی توێژینەوەکە

سێیەم/ ئامانجی توێژینەوەکە

چوارەم/ گریمانەی توێژینەوەکە

پێنجەم/ میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە

شەشەم/ کۆمەڵگای توێژینەوەکە

حەوتەم/ سنوری توێژینەوەکە

هەشتەم/ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتاکان

نۆیەم/ مۆدێلی توێژینەوەکە

### تەوەری دووەم/ توێژینەوەکانی پێشوو

یەکەم/ توێژینەوە عەرەبیەکان

دووەم/ توێژینەوە ئینگلیزیەکان.

سێیەم/ بەراورد کردن لە نێوان توێژینەوەکانی پێشوو و ئەم توێژینەوەیەی ئێستا

# بەشی یەکەم

# میتۆدۆلۆژیا و توێژینەوەکانی پێشوو

## تەوەری یەکەم/ میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە:

### یەکەم/ کێشەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگاکەمان بەهۆی ئەو گۆڕانکاییە خێرایانەی کە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەخۆیەوە بینیوە، پێویستی بە ئەزمونێکی زۆر و کادیر و کارمەندی بە توانا هەیە، بۆ هەڵسوراندنی دامودەزگاکان کە لەگەڵ سەردەمی نوێدا بگونجێت، بۆ ئەمەش کاریگەرترین ڕەهەند، رەهەندی سەرکردایەتییە کە ئاراستە و ئامانجی دەزگاکەی دیاری دەکات و تاکەکان هاندەدات بەرەو ئامانجە خوازیارەکان برەویان پێبدرێت، ئێمەش بە گشتی گرینگیمان داوە بە سەرکردایەتی لە بواری کارگێڕیدا، کە گرینگی خۆی هەیە بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستان، ئەویش بە هۆی بوونی قەیرانێکی قولی دارایی لە هەرێمی کوردستان کە هۆکارێکی نەرێنییە لە لاوازی پابەندبوونی ڕێکخراو لە دام ودەزگا نیشتیمانیەکان بەگشتی و دامودەزگای خوێندنی بالاّ بە تایبەتی ، بەمەش سەرنجی توێژەرانی ڕاکێشاوە کار لەسەر ئەوە بکەن ئایە تا چەند بەڕێوەبەرانی نێو دامودەزگا حکومییەکان ڕۆڵی سەرکردە دەبینن کە لەم بارودۆخە ناهەموارەدا کاریگەری ئەرێنی لە سەر فەرمانبەران دروست بکەن و وایان لێبکەن پابەندبن بە کارەکانیان بە باشترین شێوە.

بەو پێیەش بابەتی توێژینەوەکە بووەتە جێی بایەخی توێژەران، چونکە ئەگەر سەرکردایەتی لە کەرتی حکومەتدا دیدێکی ڕوون و ئاراستەیەکی کاریگەر و کارلێك لەگەڵ کارمەندان نەبێت، ئەمە ڕەنگە ببێتە هۆی نەبوونی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی. ئەو سەرکردانەی توانای ئیلهامبەخشین و پاڵنەری فەرمانبەرانیان نییە، ڕەنگە کاریگەری نەرێنی لە سەر پابەندبوون هەبێت، ئەگەر کەمی ڕوونی لە دابەشکردنی ئەرك و بەرپرسیارێتیەکاندا هەبێت، و ئامانجەکان بە ڕوونی دیاری نەکرێن، ئەمە دەبێتە هۆی هەستکردن بە سەرلێشێواوی و پابەندنەبوون. هەر ئەمەش وایکردووە توێژەران گرینگی بەم بابەتە بدەن.

### دووەم/ گرنگی توێژینەوەکە:

١. ئەم توێژینەوەیە لە چەند لایەن و بوارێکدا گرینگی خۆی هەیە، یەکێك لە گرینگیەکانی ئەم توێژینەوەیە لە هەڵبژاردنی خودی بابەتەکەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە سەرکردایەتی کارگێڕی و ڕۆڵی لەسەر پابەندبوونی ڕێکخراوەیی بوارێکی هەستیار و ئاڵۆز و گرینگە توێژینەوەش لە بوارێکی وەهادا بێگومان گرینگی خۆی هەیە.

٢. کارکردن بۆ نەهێشتنی کەم و کوریە دارایی و کارگێڕیەکانی تایبەت بە پابەندبوونەکانی فەرمانبەران

٣. دەوڵەمەندکردنی بواری سەرکردایەتی لە ڕووی تیۆریەوە، هەروەها شارەزابوون بە ئەرکەکانی سەرکردایەتی لە ڕووی پڕاکتیکیەوە بۆ ئەوەی زیاتر لایەنی زانستی ئەم دیاردە کاریگەری نێو دەزگاکان پەری پێبدرێت.
٤. یەکێکی تر لە گرنگیەکانی ئەم توێژینەوە بۆ ئەو کە سانەیە کە فەرمانبەرن لە فەرمانگەکان، بەجۆرێك دەتواندرێت لە ڕێگەوە لە زۆر لایەنی سەرکردایەتی و کارگێریەوە بەرچاو ڕوونی و ڕێنوێنی ئەوان بکات.

## سێیەم/ ئامانجی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵی دۆزینەوەی وەڵام و تێگەیشتنی ئەم پرس و سۆراخانەیەی خوارەو دەدات:

١. دەستنیشانکردنی ئاستی مومارەسەرکردنی سەرکردایەتی لە نێو دامودەزگاکان.
٢. دەستنیشانکردنی ئاستی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی لە نێو فەرمانبەران
٣. دیاریکردنی ڕۆڵی سەرکردایەتی کارگێڕی لەسەر ڕادەی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی.
٤. ئەو هۆکارانە چین کە بونەتە پاڵنەر بۆ بەهێزکردنی پابەندبوونی فەرمانبەران.

## چوارەم/ گریمانەی توێژینەوەکە:

١. **گریمانەی سەرەکی یەکەم:** پەیوەندی ئامارییی ئەرێنی واتادار هەیە لە نێوان سەرکردایەتی کارگێری و پابەندبوونی ڕێکخراوەیی.
- گریمانەی لاوەکی یەکەم: پەیوەندی ئامارییی ئەرێنی واتادار لە نێوان ڕەهەندەکانی سەرکردایەتی کارگێڕی ( شێوازی ئۆتۆکراسی ، شێوازی دیموکراسی و شێوازی باوانی) و پابەندبوونی ڕێکخراوەیی هەیە
٢. گریمانەی سەرەکی دووەم: سەرکردایەتی کارگێڕی کاریگەری ئامارییی واتاداری هەیە لەسەر پابەندبوونی ڕێکخراوەیی فەرمانبەرانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
- گریمانەی لاوەکی دووەم: ڕەهەندەکانی سەرکردایەتی کارگێڕی ( شێوازی ئۆتۆکرا سی ، شێوازی دیموکراسی و شێوازی باوانی) ، کاریگەری ئامارییی واتاداری هەیە لەسەر پابەندبوونی ڕێکخراوەیی.
٣. گریمانەی سەرەکی سێیەم: جیاوازی لە بۆ چوونی وەڵامدەرەوەکاندا هەیە سەبارەت بە تایبەتمەندییە کەسییەکانی تاکەکان

## پێنجەم/ میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە:

بۆ هەر توێژینەوەیەکی زانستی کە ئەنجام ئەدرێ پێویستە میتۆدێك یان چەند میتۆدێك پەیڕەو بکرێت، وە میتۆدە زانستیەکان بەشێکی گرینگن لە توێژینەوە زانستیەکاندا، کەوا توێژەر لەکاتی توێژینەوەی دەربارەی گرفتێك یان دیاردەیەك بۆ گەیشتن بە ڕاستیەکان بەکاریان دێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دیاریکردنی جۆری میتۆدەکان بەکارێکی هەستیار دادەنرێت و توێژەر دەبێت بە ئاگایەکی زۆرەوە ئەو میتۆدە هەڵبژێرێت کە لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکە دەگونجێت، کە ئەمەش دەوەستێتە سەر زیرەکی و شارەزایی توێژەر و ڕاددەی تێگەیشتنی ئەو لە بابەتەکە.

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی و شیکاری بەکارهاتووە، کە لەڕێی ئەم جۆرە توێژینەوانە توێژەر بە کۆکردنەوەی داتاکان هەڵدەستێت، ئینجا شیکردنەوە و ڕاڤەکردنیان، بۆ ئەوەی ئەو ئامانجەی، کە توێژەر هەوڵی گەیشتنی دەدات، بتواندرێت بە شێوەیەکی زانستیانە ڕاستیەکان بسەلمێنرێن.

## شەشەم/ کۆمەڵگای توێژینەوەکە:

واتا هەموو داتاکانی ئەو دیاردەیەی توێژینەوەی لەسەر ئەنجامدەدرێت لە سنوری شاری هەولێر، دەگرێتەوە، لەم توێژینەوەی ئێستاماندا، لەبەر ئەوەی پرۆسەکە لە دامودەزگا حکوومیەکانە، توێژەران شاری هەولێریان وەرگرتووە، کۆمەڵگای توێژینەوەکەش لە شاری هەولێر پێکدێت لە (وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی) کە وەك نموونە هەڵبژێردراون، بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیارییەکان بۆ بابەتی توێژینەوەکە، فەرمانبەرانیش بەبێ جیاکردنەوە کە کاردەکەن وەرگیراون کە ژمارەیەیان(٥٠) تاکن.

## حەوتەم/ سنوری توێژینەوەکە:

١. **بواری مرۆیی:** ئەو فەرمانبەرانە دەگرێتەوە کە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کاردەکەن.
٢. **بواری شوێنی:** شوێنی توێژینەوەکە بریتییە وەزارەتی خوێندنی بالاٚ و توێژینەوەی زانستی لە شاری هەولێر.
٣. **بواری کاتی:** مەبەست لەو ماوەیەیە کە توێژەران لایەنی مەیدانی تێدا ئەنجام داوە، ئەمەش لە ٣/١١ /٢٠٢٤ تاکو ٢٤/ ٢٠٢٤/٤ بەردەوام بووە.

## هەشتەم/ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتاکان Techniques of Data Collection

ئەو ئامرازانە دەگریتەوە کە بۆ کۆکردنەوەی داتاکان لە توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکاندا بەکاردەهێنرین، توێژەران پشتی پی دەبەستێن.


## فۆڕمی ڕاپرسی(الاستمارة الاستبانة) Questionnaire

فۆڕمی ڕاپرسی ئامرازێکە لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لە لێتوێژراوەکانی پەیوەست بە دیاردەکە یان گرفتی توێژینەوەکە. کە بە یەکێك لە کەرستەکان دادەندرێت لە نێوان توێژەر و لێتوێژراودا()، وە بۆ داڕشتنی فۆڕمەکەش توێژەران سوودیان لە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لەم بارەیەوە وەرگرتووە، لێرەدا توێژەران ئامانجیان بەدەستهێنانی کۆمەڵێك زانیاری تیۆریە لەو دامودەزگا حکوومیانەی کە پەیوەندیان بە بابەتی توێژینەوەکە هەیە، هەروەها بۆ داڕشتنی فۆڕمەکەش (٨)ڕۆژی خایاند.

### ڕاستی فۆڕمی ڕاپرسی( صدق الاستمارة الاستبيانية):

مەبەست لێی زانینی مەودای ڕاستی و دروستی بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسیەکەیە، کەوا توێژەران دایانرشتووە، کە پێش ئەوەی دابەشی سەر تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بکرێت، پێویستە بەسەر هەندێك لە شارەزا و پسپۆڕانی ئەم بواردا دابەش بکرێن، کە ئەمەش (٦) پسپۆڕی لە خۆ گرتووە، هەر یەکە لە بەشی تەکنیکی کارگێڕی کار لە کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، بەشی بەڕێوەبردنی کار لە فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن لە زانکۆی سۆران و بەشی کارگێڕی کار لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری لە زانکۆی سەلاحەدین، دواتر پێشنیارەکانیان خستنەڕوو، چ لەڕووی ڕاستکردنەوە یان زیادکردن بێت بە پێی ڤایلبوون و تێڕوانینی هەرەیەکەیان.

### نۆیەم/ مۆدێلی توێژینەوەکە:




شێوەی (١) مۆدێلی توێژینەوەکە

سەرچاوە: توێژەران

## تەوەرەی دووەم/ توێژینەوەکانی پێشوو:

### توێژینەوە عەرەبیەکان:

١. **توێژینەوەکەی بەسم عەباس ئەلکریدی به ناونیشانی: لانماط القيادية وأثرها على الالتزام التنظيمي، دراسة ميدانية في كلية الادارية والاقتصاد بجامعة القادسية، کە ساڵی (٢٠١٠) ئەنجامدراوە**

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی زانینی کاریگەری شێوازەکانی سەرکردایەتی بوو لەسەر پابەندبوونی ڕێکخراوەیی ئەم توێژینەوەیە پشتی بە سێ شێوازی سەرکردایەتی و سێ ڕەهەندی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی بەستووە، کە لە (پابەندبوونی سۆزداری، پابەندبوونی پێوەری، و پابەندبوونی بەردەوامی) نوێنەرایەتی کراوە کۆی ژمارەی ئەو فەرمانبەرانەی کە لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری کاردەکەن لە زانکۆی ئەلقادیسیە بریتییە لە (٥٢) فەرمانبەر، وە فۆڕمی ڕاپرسی وەك ئامرازێکی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێنرا، کە تێیدا پشت بە تاقیکردنەوەی پاشەکشە و پەیوەندی بەسترا بۆ دیاریکردنی کاریگەری و پەیوەندییەکانی نێوان شێوازکانی سەرکردایەتی کارگێڕی و پابەندبوونی ڕێکخراوەیی توێژینەوەکە گەیشتە کۆمەڵێك ئەنجام، لەوانەش بوونی کاریگەرییەکی ئاماری بەرچاوی شێوازەکانی سەرکردایەتی کارگێڕی لەسەر پابەندبوونی ڕێکخراوەیی؛ پەیوەندی لە نێوان شێوازەکانی سەرکردایەتی کارگێڕی و پابەندبوونی ڕێکخراوەیی هەیە، لە ناو کۆلێژی کارگێڕی و ئابووریدا ئاستێکی بەرزی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی هەیە و ئەمەش وایکردووە کە ژێردەستەکان لە ڕووی ئەخلاقی و ئەخلاقییەوە پابەندبن بە ڕێکخراوەکانیانەوە بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی کۆلێژ و ژێردەستەکانی بە هەمان شێوە توێژینەوەکە پێشنیاری ناساندنی چەمکی پابەندبوون وەك مانایەکی نوێ لە خوێندنی باڵا دەکات، هاوئاهەنگی لە نێوان جۆرە جیاوازەکانی و جۆرەکانی شێوازی سەرکردایەتیکردن، و کارکردن بۆ بەکارهێنانی شێوازی سەرکردایەتی کاریگەرتر لە سەرکردایەتیکردنی ژێردەستەکان و دوورکەوتنەوە تا ئەو جێگایەی کە دەکرێت لەو شێوازە پاوانخوازییەی کە بووەتە شتێکی قبوڵنەکراو لە ڕێکخراوەکانی ئێمەدا، بە تایبەت کە ڕێکخراوەکانی پێشوو بۆ چەندین دەیە ئەم شێوازەیان بەکارهێناوە، کە سەلماندوویەتی کە شکستێکی نەگبەتانەیە.

٢. **توێژینەوەی (بنوناس صباح) ناونیشانەکەی بریتییە لە (أثر أنماط القيادة الإدارية على الإلتزام التنظيمي دراسة حالة القطاع البنكي لولاية بسكرة) کە لە ساڵی ٢٠١٥ -٢٠١٦ ئەنجامدراوە.**

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی دەستنیشانکردنی کاریگەری شێوازەکانی سەرکردایەتی کارگێڕی بوو لەسەر پابەندبوونی ڕێکخراوەیی لە کەرتی بانکی لە ویلایەتی بیسکرە، سێ شێوازی سەرکردایەتی دەستنیشانکران: شێوازی سەرکردایەتی گۆڕانسازی، شێوازی سەرکردایەتی مامەڵەیی، و شێوازی سەرکردایەتی لایسز-فەیر.. فۆڕمی ڕاپرسی وەك ئامرازێك بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتووە، بەسەر سێ بەشدا دابەشکراوە، بەشی یەکەم نوێنەرایەتی تایبەتمەندی کەسی و کارایی دەکات، لەکاتێکدا بەشی دووەم کە گۆڕاوە سەربەخۆکەیە لە

توێژینەوەکەدا، بە سێ شێواز نوێنەرایەتی کراوە، کە شێوازی سەرکردایەتی گۆڕانکارییە، کە لە ڕێگەی چوار ڕەهەندەوە پێوانە کرا: (کاریگەری ئایدیاڵ، پاڵنەرێکی ئیلهامبەخش، هاندانی فیکری، و ڕەچاوکردنی تاکەکەسی)، و شێوازی سەرکردایەتی مامەڵەیی لە ڕێگەی سێ ڕەهەندەوە پێوانە کرا: (پاداشتی مەرجدار، بەڕێوەبردنی چالاك ، و بەڕێوەبردنی ئیستاتیك بە ئیستسناو)، شێوازی سەرکردایەتی بێلایەن، و دوا بەش، کە گۆڕاوە وابەستە، کە بە پابەندبوونی ڕێکخراوەیی نوێنەرایەتی دەکرێت، لە ڕێگەی سێ ڕەهەندەوە پێوانە کرا: ( پابەندبوونی سۆزداری، پابەندبوونی پێوەری، و پابەندبوونی بەردەوامبوون. توێژینەوەکە ١٣٧ بابەتی لەخۆگرتبوو، و بۆ شیکردنەوەی داتاکان، پاکێجی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS)، وەشانی ژمارە (٢٠)، بەکارهێنرا.

٣. **توێژینەوەکەی (الطيب الحمدي و نصرالدين ببوخة) کە ناونیشانەکەی بریتیبوو لە (القيادة الإدارية وعلاقتها بالالتزام التنظيمي في المؤسسة الخدمية - دراسة ميدانية بالصندوق الوطني للتأمينات الاجتماعية للعمال الأجراء cnas وكالة الوادي) کە لە ساڵی ٢٠١٨- ٢٠١٩ ئەنجامدراوە:**

توێژینەوەکە باسی لە پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی کارگێڕی و پابەندبوونی ڕێکخراوەیی کارمەندانی سندوقی نیشتمانی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ مووچەخۆران (CNAS) کردووە، کە دەزگای دۆڵییە، هەروەها هەوڵی گەیشتن بە کۆمەڵێك ئامانجی داوە کە گرنگترینیان دەستنیشانکردنی ئەو ئامانجانەیە کە زاڵن شێوازی سەرکردایەتی لە دامەزراوەکەدا و پەیوەندییەکەی بە پابەندبوونی ڕێکخراوەیی فەرمانبەران و ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان باقی شێوازەکانی سەرکردایەتی و پابەندبوونی ڕێکخراوەیی بە دامەزراوەکە.وە دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی شێوازێکی سەرکردایەتی تایبەت بە بەراورد بە جێبەجێکردنی شێوازێکی تر، بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە چی گونجاوترینە بۆ دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان، و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە چارەسەر بۆ هەندێك لەو کێشانەی کە لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی وەستاون.هەروەها توێژینەوەکە پشتی بە ڕێبازی وەسفکردن بەستووە، جگە لە شێوازی توێژینەوەی مەیدانی، بە بەکارهێنانی ئامرازێکی سەرەکییە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، توێژەران شێوازێکی ڕاپرسی گشتگیریان بەکارهێنا بۆ دانیشتوانی توێژینەوەکە کە (٧٢) کەس.

## دووەم/ توێژینەوە ئینگلیزیەکان:

١. توێژینەوەکەی (بەسام ئەڵدایبات) کە ناونیشانەکەی بریتیبوو لە ( IMPACT OF LEADERSHIP STYLES IN ORGANIZATIONAL COMMITMENT) کە لە ساڵی ٢٠١٧ ئەنجامدراوە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەوە لە کاریگەرییەکانی شێوازەکانی سەرکردایەتیکردنە لەسەر پابەندبوونی ڕێکخراوەیی لە بانکەکانی ئوردن. نمونەی توێژینەوەکە لە (٣٩٠) کارمەند پێکهاتووە کە یارمەتیدەر دەبن لە وەڵامدانەوەی پرسیار و گریمانەکانی توێژینەوەکە؛ جگە لەوەش، توێژەر پرسیارنامەیەکی بۆ دیاریکردنی ڕەهەندەکانی شێوازەکانی سەرکردایەتی پەرەپێدا (شێوازی سەرکردایەتی گۆڕانکاری، شێوازی سەرکردایەتی مامەڵەیی، و شێوازی سەرکردایەتی لایسز فەیر) و ئاستی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی. گرنگترین دەرەنجام و دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە: ناوەندی ناوەندی خەملاندنی کارمەندانی بانکەکانی ئوردن بەرەو شێوازەکانی سەرکردایەتی مامناوەند بووە. ناوەندی ناوەندی خەملاندنی کارمەندانی بانکەکانی ئوردن بەرامبەر بە پابەندبوونی ڕێکخراوەیی مامناوەند بوو. ئەنجامەکانی پاشەکشە ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ڕووی ئامارییەوە کاریگەرییەکی بەرچاو بۆ شێوازەکانی سەرکردایەتی لەسەر پابەندبوونی ڕێکخراوەیی لە بانکە ئوردنییەکان هەیە. جگە لەوەش کاریگەری شێوازی سەرکردایەتی گۆڕانکاری یەکەم بوو سەبارەت بە قەبارەی کاریگەرییەکە.

٢. توێژینەوەکەی (سێرکان ئۆزدەمیر) ناونیشانەکەی بریتیبوو لە ( The impact of leadership styles on organizational commitment and turnover) کە لە ساڵی ٢٠١٧ ئەنجامدراوە:

لە ئێستادا سەرکەوتنی ڕێکخراوەکان زیاتر وابەستەی سەرکردایەتی و کوالیتی هێزی کار دەبێت. کاریگەری سەرکردایەتی وەك هۆکارێك بۆ سەرکەوتنی ڕێکخراوەیی و دڵسۆزی هێزی کار گرنگییەکەی زیاد کرد. لەم لێکۆڵینەوەیەدا کاریگەرییەکانی سەرکردایەتی خزمەتکار و سەرکردایەتی ئامانجی ڕێگا لەسەر پابەندبوون و گۆڕانکاری ڕێکخراوەیی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت. نمونەکە لە ١١٢ کارمەند لە ٣٥ ڕێکخراوی شاری چاناکاڵە پێکهاتووە. ئەو زانیاریانەی کە بە ڕێوشوێنی بێدەنگ و فۆڕمی ڕاپرسی کۆدەکرێنەوە، دەخرێنە ژێر شیکارییەوە بۆ پێوانەکردنی کاریگەریی شێوازەکانی سەرکردایەتی لەسەر پابەندبوونی ڕێکخراوەیی و ڕێژەی گۆڕانکاری. دۆزینەوەکان نیشان دەدەن کە پەیوەندییەك لە نێوان سەرکردایەتی خزمەتکار و سەرکردایەتی ئامانجی ڕێگا و پابەندبوونی ڕێکخراوەیی هەیە بەڵام هیچ پەیوەندییەك لە نێوان سەرکردایەتی خزمەتکار و گۆڕانکاریدا نییە هەرچەندە پەیوەندییەك لە نێوان سەرکردایەتی ئامانجی ڕێگا و ڕێژەی گۆڕانکاریدا هەیە. هەروەها دۆزینەوەکان ئاشکرای دەکەن کە هەردوو سەرکردایەتی خزمەتکار و سەرکردایەتی ئامانجی ڕێگا کاریگەری ئەرێنییان لەسەر پابەندبوونی ڕێکخراوەیی هەیە. لە کۆتاییدا دۆزینەوەکان بریتین لەوەی کە سەرکردایەتی خزمەتکار و

سەرکردایەتی ئامانجی ڕێگا کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ڕێژەی گۆڕانکاری نییە بەڵام پابەندبوونی ڕێکخراوەیی ڕێژەی گۆڕانکاری کەمدەکاتەوە.

## سێیەم/ بەراورد کردن لە نێوان توێژینەوەکانی پێشوو و ئەم توێژینەوەیەی ئێستا

دوای پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو کە پەیوەندییان بەو توێژینەوەیەی ئێستاوە هەیە، دەتوانرێت بڵێین کە ئەم توێژینەوەیەی ئێستا سوودێکی بەرچاوی لە هەموو ئەم توێژینەوەیانە وەرگرتووە لە لایەنە جیاوازەکانەوە، ئەم بڕگانەی خوارەوە دەستنیشانکراون بۆ وەسفکردنی ئەم توێژینەوەیانە و بوارەکانی سوودمەندبوون لێیان لەم توێژینەوەیەی ئێستا و بۆ لیستکردنی پوختە و لێکچوون و جیاوازییەکانیان، بەم شێوەیە:

١. زۆربەی توێژینەوەکانی پێشوو فۆڕمی ڕاپرسیان بەکارهێناوە وەك ئامرازی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، ئەمەش کاریگەری ئەم ئامرازە لە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە ئاڵۆزەکان و دیاردە ئاڵۆزەکان لە چوارچێوەی سەرکردایەتی کارگێڕی و پابەندبوونی ڕێکخراوەییدا نیشان دەدات.
٢. گونجانی فیکری لە نێوان توێژینەوەکانی پێشوو و توێژینەوەی ئێستادا هەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەو ڕێگایەی کە توێژینەوەی ئێستا دەیگرێتەبەر دروستە و گوزارشت لە وردی تاقیکردنەوەی گۆڕاوەکانی دەکات.
٣. توێژەران هاوڕان لەسەر گرنگی سەرکردایەتی کارگێڕی و پابەندبوونی ڕێکخراوەیی کە ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە سەرکەوتنی ڕێکخراوەکاندا ، ئەمەش تیشك دەخاتە سەر گرنگی ئاراستەکردنی هەوڵەکان بەرەو تێگەیشتنێکی باشتر و بەهێزکردنی ئەم توخمانە.
٤. ئاراستەی فەلسەفی لە بنیاتنانی مۆدێل و چارەسەرکردنی لادان و کێشە قووڵەکان لە ڕێکخراوەکاندا کە دەبێت هەوڵەکان بەرەو پەرەپێدانی ستراتیژی کاریگەر ئاراستە بکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕێکخراوەکان بە شێوەیەکی کاریگەرتر.
٥. ئەو بابەتانەی لە توێژینەوەکانی پێشوودا لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە لە نێوان لایەنە تیۆری و مەیدانییەکان جیاواز بووە، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنێکی فراوانتر لە پەیوەندییەکانی نێوان سەرکردایەتی کارگێڕی و پابەندبوونی ڕێکخراوەیی.
٦. شایەنی باسە کە توێژینەوەکانی پێشوو لە ژینگەی ڕێکخراوەیی جیاواز لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دراون، کە تیشك دەخاتە سەر گرنگی دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییە ناوخۆییەکان و جێبەجێکردنی ئەنجام و ڕاسپاردەکان بە شێوەیەکی گونجاو لە چوارچێوەی کولتووری و ڕێکخراوەیی تایبەتدا.

## دەروازەی دووەم

## لایەنی تیۆری

# بەشی دووەم

# سەرکردایەتی کارگێڕی و پابەندبوونی ڕێکخراوەیی

**پێشباس**

## تەوەرەی یەکەم/ سەرکردایەتی کارگێڕی

یەکەم/ چەمکی سەرکردایەتی کارگێڕی

دووەم/ تایبەتمەندی سەرکردایەتی کارگێڕی

سێیەم/ گرنگی سەرکردایەتی کارگێڕی

چوارەم/ شێوازەکانی سەرکردایەتی کارگێڕی

## تەوەرەی دووەم/ پابەندبوونی ڕێکخراوەیی

یەکەم/ چەمکی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی

دووەم/ گرنگی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی

سێیەم/ تایبەتمەندی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی

چوارەم/ ڕەهەندەکانی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی

# بەشی دووەم

# سەرکردایەتی کارگێڕی و پابەندبوونی ڕێکخراوەیی

**پێشباس:**

سەرکردایەتی کارگێڕی و پابەندبوونی ڕێکخراوەیی لە هۆکارە بنەڕەتییەکان دادەنرێت کە سەرکەوتن و بەردەوامیی هەر ڕێکخراوێك دیاری دەکەن. سەرکردایەتی کارگێڕی لە لایەنە تەقلیدییەکانی بەڕێوەبردن تێدەپەڕێت و پاڵنەر و ئیلهامبەخشین بە کارمەندان لەخۆدەگرێت بۆ ئەوەی بە سۆزەوە کاربکەن بەرەو گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە. ئەم جۆرە سەرکردایەتییە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئاستی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی هەیە، کە گوزارشت لە ڕادەی وابەستەبوون و دڵسۆزی کارمەندان دەکات بۆ ڕێکخراوەکە و خواستی مانەوەیان لەناو ڕێکخراوەکەدا و خستنەگەڕی ئەوپەڕی هەوڵەکانیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.

## تەوەرەی یەکەم/ سەرکردایەتی کارگێڕی:

### یەکەم/ چەمکی سەرکردایەتی کارگێڕی:

سەرکردایەتی کارگێڕی بریتیە لە کۆمەڵێك کارامەیی و ستراتیژی کە سەرکردەکان بەکاریدەهێنن بۆ پاڵنەر و ئاراستەکردن و ئیلهامبەخشین بە تاکەکان لەناو ڕێکخراوێکدا بە ئامانجی گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکان. ئەم جۆرە سەرکردایەتییە سەرنج دەخاتە سەر تێکەڵکردنی کاریگەری کارگێڕی لەگەڵ کاریگەری کەسی، و ڕەهەندەکانی وەك بڕیاردان، پەیوەندی کاریگەر و دروستکردنی تیم لەخۆدەگرێت. (صباح، ٢٠١٦، ٦٠)

سەرکردایەتی کردن لە بواری کارگێرییدا پرۆسەیەکی مرۆییە لە نێوان سەرکردەکە خۆی و فەرمانبەرانی، پێوی  ست بەهێنانەکایەوەی هاو  سەنگی دەکات، بەهۆی گرنگیدان بە هەر یەك لە فەرمانبەرانی دەزگاکە و کارەکە. ( یەحیا، ٢٠١٠، ٨)

د،خمیس الـ  سید اسماعیل لە بارەی   سەرکردایەتی بەڕێوەبردن دەڵێت:   سەرکردایەتی بەڕێوەبردن چالاکیەکی ئەرێنییە کە کە سێکی  دیاریکراو ئەنجامی دەدات لە بواری  سەرپەر شتی بەڕێوەبردنی کە سەکان بەمەبە ستی، بەدیهێنانی ئامانجی دیاری کراو بە ئامرازەکانی درو ست کردنی ئا سەوار و مەیل درو ست کردن لە لای کارمەندانی دەزگا بەکارهێنانی دەسەڵاتی فەرمی لە کاتی پێویست. (دەرگەڵەیی، ٢٠١٣، ١١٣)

## دووەم/ تایبەتمەندی سەرکردایەتی کارگێڕی:

سەرکردایەتی کارگێڕی کۆمەڵێك تایبەتمەندی گرنگ لەخۆدەگرێت کە بە شدارن لە کاریگەری و سەرکەوتنی لەناو ڕێکخراوەکاندا. لێرەدا چەند تایبەتمەندییەکی سەرەکی سەرکردایەتی کارگێڕی دەخەینەڕوو:

١. **دیدگای ستراتیژی:** سەرکردە کارگێڕییەکان توانای پێناسەکردنی دیدگای ستراتیژی ڕێکخراوەکەیان هەیە و لەگەڵ ئاراستەکردنی بەرەو گەیشتن بە ئامانجە درێژخایەنەکانی (Kotter، ١٩٩٦، ٢٥).

٢. **بڕیاردانی ستراتیژی:** سەرکردە کارگێڕیەکان پێویستە بڕیاری ستراتیژی بدەن کە لەگەڵ پێویستیەکانی دامەزراوەکە دەگونجێنێت و داهاتووی دامەزراوەکە دیاری دەکەن.

٣. **کاریگەری لە سەر کارمەندان:** یەکێك لە تایبەتمەندیە گرنگەکانی سەرکردە کارگێرییەکان ئەوەیە کە دەتوانن کارمەندانیان بەهێز بکەن و بەشدارییان پێ بکەن لە کاتی بڕیارداندا.

٤. **فێرکردن و گە شەپێدان:** سەرکردە کارگێرییەکان دەبێت فێرخواز بن و خۆیان و تیمەکانیان بەردەوام لە گەشەپێدان بن، بۆ دابینکردنی ڕەهەندی باشتر لە کارکردن. (Northouse، ٢٠١٦، ١١)

٥. **هاندان:** سەرکردایەتی کارگێڕی توانای هاندانی کارمەندان و ئیلهامبەخشینیان بۆ بەکارهێنانی زۆرترین هەوڵ و باشترکردنی ئەدای گشتی لەخۆدەگرێت (Bass & Bass، ٢٠٠٨، ٢٩)

٦. **یەکپار چەیی و ئەخلاق:** سەرکردایەتی کارگێڕی لە سەر بنەمای ئەخلاق و یەکپار چەیی دامەزراوە، کە بە شدارە لە درو ستکردنی متمانەی بەردەوام لەگەڵ کارمەندان و کڕیاران (Kouzes & Posner، ٢٠١٢، ٥١).

## سێیەم/ گرنگی سەرکردایەتی کارگێڕی

- گە شەپێدان و ڕاهێنانی کارمەندان: بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە تاکەکان گرنگترین سەر چاوەی ڕێکخراون، پارا ستن و پەرەپێدانی لێهاتوویی و توانای کە سی و پیە شەیی فەرمانبەران دەگرێتەوە. ڕاهێنان و چاودێری پێویە ست دڵنیای دەدات لەوەی کە هەموو تاکێك دەتوانێت بە شدارییەکی کاریگەر بکات لە گەیشتن بە ئامانجە دامەزراوەییەکان.
- کۆنترۆڵکردنی کێشەکانی کار و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان: بریتییە لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لەوانەیە لە کاتی کارکردندا سەرهەڵبدەن و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و کاریگەر، ئەمەش بە شدارە لە درو ستکردنی ژینگەیەکی هاو سەنگ و تەندرو ست بۆ کارکردن.
- بەرزکردنەوەی لایەنە ئەرێنییەکان و کەمکردنەوەی نەرێنییەکان: لەڕێگەی چاودێری و هەڵسەنگاندنی بەردەوامەوە، پارا ستن یارمەتی ڕێکخراو دەدات بۆ دە ستنیشانکردن و بەرزکردنەوەی خاڵە بەهێزەکان، لەهەمان کاتدا لایەنە نەرێنییەکان دەستنیشان دەکات و کارکردن بۆ کەمکردنەوە یان چاککردنەوەیان.

- پەیوەندی نێوان کارمەندان و پلانەکانی ڕێکخراوەیی: ئەم چوار چێوەیە وەك پردێك وایە لە نێوان کارمەندان و پلانە ستراتیژییەکانی ڕێکخراوەکەدا کاردەکات. ئەمەش واتە پێ شکە شکردنی پ شتگیری و ڕێنمایی پێویست بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کارمەندان لە ئامانجە گشتییەکان تێدەگەن و چۆن بە شداری بکەن لە گەیشتنیان
- چەمك و ستراتیژییە تێکەڵاوەکان: بە مەبە ستی یەکخ ستنەوە و هەماهەنگی چەمك و ستراتیژی و سیا سەتە جیاوازەکان لەناو ڕێکخراوەکەدا. ئەمەش هاو سەنگی و گونجانی نێوان بە شە جیاوازەکان مسۆگەر دەکات و کاریگەری جێبەجێکردنی پلانەکان بەرز دەکاتەوە.(صباح، ٢٠١٦، ٧٠)

## چوارەم/ شێوازەکانی سەرکردایەتی کارگێڕی:

لە ڕاستیدا هەر سێ شێوازەکەی سەرکردایەتی لە کارگێڕییدا کە لە خوارەوە با سکراوەن تاوەکو سەرتای سەدەی نۆزدە نا سراو نەبوون، بەڵکو بە شێوەیەکی زۆر سەرەتایی هەبوون، بەڵام بیری کارگێڕی گرنگی پێدان، ئەمەش بەهۆی ئەو دەرئەنجامانەی کە زانایانی دەرونزانی و کۆمەڵنا سی لەکاتی لێکۆڵنەوەکانەوەکانیاندا پێی گەی شتن، کە لەلایەن هەر یەك لە ٠هاوپۆرن و جۆرج ئاڵتون مایۆ) تاقیکردنەوەیان لە سەر کرا، پا شان ئەو لێکۆڵینەوە تاقیکاریانەی، کە زانکۆی ئیوا(Iowa)ی ئەمریکی لە کۆتایی سییەکانی سەددەی بیستەم ئەنجامیاندا، کە چە ندە ئە نجامێکی گرگ یان ئا شکراکرد، بە ئا سەوارە کانی هەر یەك لەو شێوازا نەی کە باسیان دەکەین: (کنعان، ٢٠٠٧، ١٢٩)

### ١. سەرکردایەتی ئۆتۆکڕاسی( القیادە الاوتوکراسیە): Autocratic Leadership

وشەی ئۆتۆکڕاسی (Autocracy) لە بنچینەدا لاتینییە واتا (Autocracies)، بە مانای حوکمکردنی تاکێك بە تەنیا دێت، هەروەها مانای ملکەچی فەرمانبەر و کرێکاران لە دەزگایەکدا بۆ فرمان و دەست ڕۆیی و دەسەڵاتی کەسێك دەگەیەنێت. (یەحیا، ٢٠١٠، ١٩)

سەرکردەی ئۆتۆکراسی لە مەرکەزیەتی دەسەڵات بە سەرکردەی دیکتاتۆر دەچێت و بوار ناداتە فەرمانبەرانی بەشداری لە پرۆسەی سەرکردایەتیکردن بکەن، بەڵام ئەوەی سەرکردەی ئۆتۆکراسی پێ جیادەکرێتەوە ئەوەیە کەسێکی چالاك و کارایە لە ڕازیکردنی فەرکانبەرانی، بەوەی لێیانی دەوێت. سەرکردەی ئۆتۆکراسی زیاتر لە سەرۆك دەچێت (الرئیس)نزیکە، نەك لە سەرکردە، چونکە دەسەڵاتێکی بێ ویستی فەرمانبەرانی بەسەریاندا دەسەپێنێت، ئەو وا دادەنێت کە ئەو خاڵی دەستپێك و چەقی بڕیاردانە.

## ٢. سەرکردایەتی دیموکراسی (القیادة الدیمقراتیة) Democratic Leadership

ئەم شێوازی سەرکردایەتییە دەرفەت دەدات بە ئەندامان کە بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری لە پرۆسەکانی بڕیاردان بکەن، ئەمەش وایان لێدەکات هەست بکەن کە بەشێکی دانەبڕاون لە تیمەکەدا، و ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ زیادکردنی پابەندبوونیان و بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە ئامانجە دیاریکراوەکان. سەرکردایەتی دیموکراسی ڕێگە بە نەرمی زیاتر دەدات لە مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخە جیاوازەکاندا.(عبدالمجیب و مختار، ٢٠٢٢، ٢١)

ئەم سەرکردایەتییە پشت بە پەیوەندیە مرۆییەکان و بەشداریکردن و ڕاسپاردنی دەسەڵات دەبەستێت بۆ فەرمانبەرانی و ئەوانەش کە لێهاتوو و پسپۆڕن لە مومارەسکردنی ڕاسپاردەکانیان، ئەمەش ڕێ بۆ سەرکردەی دیموکراسی خۆش دەکات، بۆ ئەوەی بە ئەرك و فەرمانە سەرکردایتییە گرنگەکان هەڵسێت. (یەحیا، ٢٠١٠، ٢٣)

ئەم سەرکردایەتییەش گرنگی بە هەموو ڕەگەزەکانی کارگێڕیی، وەك پلاندانا و ڕێکخستن و بەدواداچوون بە ڕێکوپێکی دەدات، هاوکات گرنگی بە گەشەی پیشیەیی خۆیشی دەدات، سەکردەکەش کارەکان بەپێی پسپۆڕی و توانست و لێهاتووی و ئامادەیی بەسەر ئەندامانی دەزگاکە دابەشدەکات. (یەحیا، ٢٠١٠، ٢٣)

## ٣. سەرکردایەتی باوانی (القیادة الابوي) Paternal leadership

ئەم شێوازە لە سەرکردایەتیکردن لە ئەنجامی کاردانەوەیەك بەرامبەر بە ڕەوتی سەندیکاکان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە سەریهەڵدا. بەڕێوەبردن شێوازێکی سەرکردایەتی باوکایەتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ تاکەکاندا بەکارهێنا بەرەو پێشکەشکردنی کرێی باشتر و باشترکردنی بارودۆخی کارکردن هەنگاویان نا بۆ بەدەستهێنانی ئاسایش و سەقامگیری ۆ رووبەڕووبونەوەی بێکاری ، بەم شێوەیە ڕێکخراوەکان هەستیان بە پێداویستییەکانی هێزی کار دەکرد و گرنگییەکی گونجاویان پێدەدان ئەم شێوازە پێی دەوترێت باوانی، چونکە داب و نەریتی بە توخمە گرنگەکانی ئەم ڕەوتە دادەنرێت ، بەڵام ئەم شێوازە لە سەرکردایەتیکردن نارەزایی لەنێو تاکەکاندا دەچێنێت لە ئەنجامی بەشدارینەکردنیان لە بڕیاردان. (الطیب، ١٩٩٥، ١٩٢).

سەرکردایەتی باوانی شێوازێکی سەرکردایەتییە کە دەسەڵاتی ڕەها لەگەڵ میهرەبانی باوکایەتی تێکەڵ دەکات. ئەم جۆرە سەرکردایەتییە بە کۆنترۆڵی تەواو و ناوەندگەرایی بڕیاردان لەلایەن سەرکردەوە دەناسرێتەوە، کە وەك "باوك"ی ڕێکخراو یان تیمەکە مامەڵە دەکات. سەرکردە بەم شێوازە خۆی بڕیار دەدات، بەڵام لە هەمان کاتدا خەمی خۆشگوزەرانی فەرمانبەران نیشان دەدات، هەروەك چۆن باوك لە خێزانێکدا دەیکات.(Northouse ، ٨،٢٠١٨)

## تەوەرەی دووەم/ پابەندبوونی ڕێکخراوەیی

### یەکەم/ چەمکی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی:

قورئانی پیرۆز لە زۆر ئایەتدا جەختی لەسەر گرنگی پابەندبوون کردووەتەوە و هانیداوە، کە خودای گەورە جێبەجێکردنی پەیمانەکان بە تەقوا و ڕاستگۆییەوە دەبەستێتەوە، وەك لە دەفەرموویت ﴿وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا ۖ وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ وَحِينَ الْبَأْسِ ۗ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا ۖ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ﴾ (سورة البقرة، آية:١٧٧)

پابەندبوونی ڕێکخراوەیی بەو بەهێزییەی ئیمان و باوەڕ پێناسە دەکرێت کە تاك بەرامبەر بەو ڕێکخراوەی کە تێیدا کاردەکات، جگە لە قبوڵکردنی ئامانج و بەهاکانی، و ئارەزووی بەهێزی بۆ ئەوپەڕی هەوڵی خۆی لە بەرژەوەندی ئەو بخاتەگەڕ و ئەندامێتی و پەیوەندی خۆی لەگەڵیدا بپارێزێت. (الوزان ،٢٠٠٦: ١٢)

پۆرتێر پابەندبوونی ڕێکخراوەیی بەم شێوەیە پێناسە دەکات دەڵێت: بریتییە لە ئامادەیی تاك بۆ هەوڵی بەرچاو بۆ ڕێکخراوەکە، خواستی بەهێزی بۆ مانەوە لەناو ڕێکخراوەکەدا، و قبوڵکردنی بەها و ئامانجە سەرەکییەکانی ڕێکخراوەکە.(ابتسام، ٢٠١٨،٨٩)

### دووەم/ تایبەتمەندی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی:

- پابەندبوونی ڕێکخراوەیی گوزارشت لە ئامادەیی تاك دەکات بۆ ئەوەی گەورەترین هەوڵی خۆی لە پێناو بەرژەوەندی ڕێکخراوەکەدا بخاتەگەڕ، لەگەڵ خواستێکی بەهێز بۆ مانەوە لەناو ئەو ڕێکخراوەدا، هەروەها قبوڵکردن و باوەڕبوونی تاك بە ڕێکخراوەکە دەگرێتەوە.
- پابەندبوونی ڕێکخراوەیی نوێنەرایەتی هەستێکی ناوخۆیی دەکات کە پاڵنەرە بۆ پەیوەندیکردنی تاك بە ڕێکخراوەکەوە و کارکردن بە شێوەیەك کە بەشداربێت لە گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانی.
- پابەندبوونی ڕێکخراوەیی کاریگەری لەسەرە بەهۆی تێکەڵەیەك لە تایبەتمەندییە کەسییەکانی تاك، هۆکارە ڕێکخراوەییەکان و بارودۆخی دەرەکی دەوروبەری ژینگەی کار.
- پابەندبوونی ڕێکخراوەیی کاریگەری لەسەر بڕیاری تاك هەیە سەبارەت بە مانەوە یان جێهێشتنی ڕێکخراوەکە.
- ئەو کەسانەی کە پابەندبوونی ڕێکخراوەییان هەیە، بە قبوڵکردنی ئامانج و بەهاکانی ڕێکخراوەکە، باوەڕبوونیان پێیان، هەوڵی زیاتر بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، و بەشداریکردنی بەرز لە ڕێکخراوەکەدا بۆ ماوەیەکی درێژ تایبەتمەندن.(الحمیدی و ببوخە، ٢٠١٩، ٥٢)

## سێیەم/ گرنگی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی:

- پتەوکردنی یەکگرتوویی نێوان تاکەکان و زیادکردنی متمانەیان بە ڕێکخراو بەشدارە لە گەیشتن بە سەقامگیری ڕێکخراو، ئەمەش ژینگەیەکی کارکردنی ئەرێنی و باش دروست دەکات کە پاڵپشتی پرۆسەی گەشەکردن و داهێنان دەکات.
- تا گونجانی بەها و ئامانجەکانی تاك و ڕێکخراو زیاتر بێت، روحی مەعنەوی تاکەکان بەرزتر دەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی باشتربوونی پەیوەندییەکان لەناو ژینگەی کارکردندا.
- پابەندبوونی ڕێکخراوەیی هۆکارێکە بۆ زیادکردنی ڕێژەی ئەدای کار و بەرهەمهێنان.
- ئاستی نزمی ئامادەنەبوونی فەرمانبەران بەشدارە لە سەقامگیری هێزی کار و دامەزراندنی بەردەوام، ئەمەش کارایی گشتیی ڕێکخراو باشتر دەکات.
- پابەندبوونی ڕێکخراوەیی دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی کێشە و ناکۆکی کە لە نێوان فەرمانبەران و کارگێڕیدا ڕوودەدات. (الحمیدی و ببوخە، ٢٠١٩، ٥١)

## چوارەم/ ڕەهەندەکانی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی

توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە پابەندبوونی ڕێکخراوەیی تەنیا لە یەك جۆرێکدا سنووردار نییە، بەڵکو دابەشکراوە بەسەر چەند جۆرێکدا، بەڵام توێژەران لە پێناسەکردن و پۆلێنکردنی ئەم جۆرانەدا جیاوازن لە نێوان ئەو جۆرانەی کە دەستنیشانکراون، بریتییە لە مانەی خوارەوە:

١. **پابەندبوونی سۆزداری (الالتزام العاطفي)**

پابەندبوونی سۆزداری گوزارشت لە وابەستەیی سۆزداری بە ڕێکخراوەکە دەکات، هەروەها کاریگەری لەسەرە کە تاك درك بە تایبەتمەندییە جیاوازەکانی کارەکەی دەکات، وەك سەربەخۆیی و بەدەستهێنانی لێهاتوویی، هەروەها سروشتی پەیوەندییەکەی لەگەڵ سەرپەرشتیارەکاندا، پابەندبوونی سۆزداری کاتێك زیاد دەکات کە تاك هەست بکات کە ژینگەی ڕێکخراوەیی ڕێگەی پێدەدات بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری لە پرۆسەی بڕیاردان بکات، جا پەیوەندی بە خودی کارەکەوە هەبێت یان بە کارمەندەکانەوە. (Weibo، 2010 ,16)

ئەو کەسانەی پابەندبوونی سۆزداری بەهێزیان هەیە ئاستێکی بەرزتر لە پابەندبوون بە کارەوە نیشان دەدەن، و ئەگەری ئەوە زیاترە کە زیاتر کاربکەن لەوەی کە لە ڕووی کارایییەوە لێیان داوا دەکرێت بۆ یارمەتیدانی ڕێکخراوەکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. هەروەها ڕێژەی ئامادەنەبوونیان لە کار کەمترە و پاڵنەرێکی بەهێزیان هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە. (Weibo، 2010 ,١٧)

## ٢. پابەندبوونی پێوەری (الالتزام المعیاري)

پابەندبوونی پێوەری گوزارشت لە هەستکردن بە ئەرك و بەرپرسیارێتی دەكات كە پاڵنەرێكە بۆ تاك بۆ بەردەوامبوون لە كاركردن لەناو ڕێكخراوەكەدا ئەم جۆرە پابەندبوونە كاتێك سەرهەڵدەدات كە تاك هەست بكات ڕێكخراوەكە زۆری بۆ دابینكردووە، ئەمەش هەستێكی قەرزداری لەلایدا دروستدەكات بەرامبەری. كە وای لێدەكات بمێنێتەوە و كار لەگەڵیدا بكات.

پەرەپێدانی ئەم جۆرە پابەندبوونە بەندە بە چەند هۆكارێكەوە لەوانە: (بنەما كەسییەكانی تاك، ئاستی پەیوەندی دەروونی نێوان تاك و هاوكارەكانی. تا ئاستی ئەم پەیوەندییە بەرزتر بێت، تاك هەست دەكات كە دەبێت لە ڕێكخراوەكەدا بمێنێتەوە بە جێبەجێكردنی لۆژیكی گەڕانەوەی و ستانداردی ئاڵوگۆڕكردن: واتە تێڕوانینی تاك بۆ ئەو سوودەی كە ڕێكخراوەكە بۆی دابین دەكات. (الطائي، ٢٠٠٥، ٨٨)

## ٣. پابەندبوونی بەردەوامی

پابەندبوونی بەردەوامی دەرئەنجامی پرۆسەیەكی بەراوردكارییە كە تاكەكەس ئەنجامی دەدات لە نێوان ئەو بەشداریانەی كە بۆ ڕێكخراوەكە دەیكات و ئەو سوودانەی لێی وەردەگرێت ئەم جۆرە پابەندبوونە بەو جۆرە ناسراوە كە لە پێویستی تاكەكەسەوە سەرچاوە دەگرێت بۆ مانەوە لەناو ڕێكخراوەكەدا. و لە ئاگادارییەكەیەوە لەو تێچوونانەی كە لە ئەنجامی جێهێشتنیەوە دروست دەبن. لە كاتێكدا هەندێك پابەندبوونی بەردەوامی بە یەكێك لە گرینگترین و باشترین جۆرەكانی پابەندبوون دەزانن، بەو پێیەی ڕەنگدانەوەی خواستی بەهێزی تاكە بۆ پابەندبوون بە ئامانج و بەهاكانی ڕێكخراوەكە، هەندێكی دیكە پێیان وایە كە تایبەتمەندە بە سەیركردنی بەهای وەبەرهێنان كە تاك دەتوانێت بەدەستی بهێنێت. (رفاعی وبسیونی،٢٠٠٤، ٢٣٨)

# دەروازەی دووەم

# لایەنی مەیدانی

## بەشی سێیەم

## خستنەڕووی زانیاریەکانی توێژینەوەکە

یەکەم/ وەسفکردنی کۆمەڵگا و بژاردەی توێژینەوەکە

دووەم/ وەسفکردن و شیکردنەوەی زانیارییە تایبەتیەکان

سێیەم/ پێوانەکردنی ڕاستی فۆڕم ڕاپرسی

چوارەم/ فریکوێنسی، ڕێژەکان، ناوەندی ژمارەیی و لادانی پێوەرییەکان

پێنجەم/ پێوانەکردنی مۆدێلی توێژینەوەکە و گریمانەکانی

# بەشی سێیەم

# خستنەڕووی زانیاریەکانی توێژینەوەکە

## یەکەم/ وەسفکردنی کۆمەڵگا و بژاردەی توێژینەوەکە:

فۆڕمی ڕاپرسی یەکێکە لە باوترین ئامرازە سەرەکیەکانی کۆکرنەوەی داتاکان، بۆ داڕشتنی فۆڕمەکەش توێژەران سوودیان لە توێژینەوەکانی پێشوو و کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لەم بارەیەوە وەرگرتووە، کە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم داتای پەیوەندیدار  بە زانیاریە تایبەتیەکانی تاکەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت، کە بریتین لە (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری و ساڵانی خزمەت). هەرچی بەشی دووەم ئەو پرسیارانە لەخۆدەگرێت کە بە ئامرازێك دادەنرێت بۆ پێوانەکردنی سەرکردایەتی کارگێڕی و پابەندبوونی ڕێکخراوەیی، نموونەی توێژینەوەکە پێکدێت لە فەرمانبەرانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، کە ژمارەیان (٢٥٠) کارمەندی نێر و مێیە کە  (٥٠) فۆڕمی ڕاپرسی دابەشکرا و وەرگیرایەوە، پاشان پرۆگرامی ئاماریی بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان (SPSS VERSON 28) بەکارهێنراوە چونکە ئەم پرۆگرامە یەکێکە لە پێشکەوتووترین پرۆگرامەکانی ئاماریی، بۆ وەسفکردنی داتاکان و دروستکردنی وێنە و خشتەکانی توێژینەوەکە. ئامرازە ئامارییەکانی بەکارهێنراو بریتیی بوون لە (لادانی پێوەریی، ناوەندە ژمارەیی، تاقیکردنەوەی کای دووجا، فریکوێنسی، ڕێژەی پەیوەندی پیرسۆن)

## دووەم/ وەسفکردن و شیکردنەوەی زانیارییە تایبەتیەکان:

لە خشتەی (١) تایبەتمەندی وەڵامی بەشداربووان ڕووندەکاتەوە لە ڕووی (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری و ساڵانی خزمەت) بە پشتبەستن بەو زانیاریانەی کە لە فۆڕمی ڕاپرسیەکانەوە وەرگیراون کە پڕکراونەتەوە.

**خشتەی (١) زانیارییە تایبەتیەکانی بەشداربووان ڕووندەکاتەوە**

| % | ژ. تاکەکان | | |
|---|---|---|---|
| 46% | 23 | نێر | ڕەگەز |
| 54% | 27 | مێ | |
| 6% | 3 | 20-29 | تەمەن |
| 50% | 25 | 30-39 | |
| 34% | 17 | 40-49 | |
| 10% | 5 | ٥٠ بۆ سەرەوە | |
| (6.751 ± 40) | | ( ناوەندە ژمێری±لادانی پێوەری) | |
| 18 % | 9 | ئامادەیی | ئاستی خوێندەواری |
| 24% | 12 | دبلوم | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |
| | بەکالۆریۆس | 22 | 44% |
| | ماستەر | 7 | 14% |
| | دکتورا | 0 | 0% |
| سالآنی خزمەت | 1-10 | 2 | 4% |
| | 11-20 | 40 | 8% |
| | 21+ | 8 | 16% |
| | ( ناوەندی ژمارەیی±لادانی پێوەری) | (5.922 ± 18) | |

سەرچاوە: ئامادەکردنی لەلایەن توێژەران بە بەکارهێنانی پڕۆگرامی SPSS

بە پێی خشتەی (١) کە زانیاریە گشتیەکانی بەشداربووان ڕووندەکاتەوە بۆمان دەردەکەوێت ، لە کۆیی (٥٠) بەشداربوو (٢٧)ی لە ڕەگەزی مێن بە ڕێژەی (٥٤%) کە زۆرترین ڕێژەی بەشداربووان پێکدەهێت وە (٢٣) بەژداربوو لە ڕەگەزی نێرن بە ڕێژەی (٤٦%)، سەبارەت بە تەمەنی بەشداربووان، زۆربەی تەمەنی بەشداربووان لە نێوان (٣٠ بۆ ٣٩ ساڵ) بووە بە ڕێژەی (٥٠٪)، دواتر (٤٠-٤٩ ساڵ) بە ڕێژەی (٣٤٪)، پاشان (٥٠ ساڵ بۆ سەرەوە) بە ڕێژەی (١٠٪)، پاشان (٢٠-٢٩) بە ڕێژەی ( ٦٪)، سەبارەت بە ئاستی خوێندەواری زۆرینەی بەشداریووان هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن بە ڕێژەی (٤٠٪)، دواتر بڕوانامەی دبلۆم بە ڕێژەی (٢٤٪)، بڕوانامەی ئامادەیی بە ڕێژەی (١٨٪) )، و خوێندنی باڵا بە ڕێژەی (٦٪)، سەبارەت بە ژمارەی سالآنی خزمەتی بەشداربووان زۆرینەی بەشداربووان خزمەتیان لە نێوان ١١ بۆ ٢٠ ساڵ بە ڕێژەی (٦٠٪)، دواتر (٢١ بۆ سەرەوە) بە ڕێژەی (١٦٪) دواتر (١بۆ١٠)ساڵ بە ڕێژەی (٤٪)

## سێیەم/ پێوانەکردنی ڕاستی فۆڕمی ڕاپرسی:

بۆ پێوانەکردنی ڕاستی فۆڕمی ڕاپرسیەکە، ئێمە ئەلفا کرۆنباخمان (Cronbach's Alfa) بەکارهێناوە، کە پێوەرێکە لە نێوان سفر و یەکدایە. ئەگەر بەهاکانی ڕێژەی کەمتر لە ٠,٦٠ ئاماژەن بۆ نەبوونی یەکدەنگییەکی تەواو لە وەڵامەکانی بڕگەکانی ڕاپرسیەکەدا. لە کاتێکدا بەهای ١ بە نیشاندەری سەقامگیری و یەکدەنگییەکی تەواو لە وەڵامەکاندا دادەنرێت. بەگشتی، پرسیارنامەیەك بە متمانەیەکی باش دادەنرێت ئەگەر بەهای ڕێژەی ئەلفا کرۆنباخ زیاتر بێت لە ٠,٦٠. خشتەی (٢) بەهاکانی ڕێژەی ئەلفا کرۆنباخ بۆ هەر گۆڕاوێك بە تاك و بۆ پێوەرەکە بە گشتی پیشان دەدات.

**خشتەی (٢) تاقیکردنەوەی ئەلفا کرۆنباخ بۆ پێوانەکردنی ڕاستی فۆڕمی ڕاپرسی ڕووندەکاتەوە**

| گۆڕاوەکان | ژمارەی بڕگەکان | ڕێژەی کرونباخ ألفا |
|---|---|---|
| شێوازی ئۆتۆقراتی | **4** | **0.743** |
| شێوازی دیموکراسی | **5** | **0.746** |
| شێوازی باوانی | **5** | **0.773** |
| سەرکردایەتی کارگێڕی | **13** | **0.830** |

| پاپەندبوونی سۆزداری | 5 | 0.731 |
|---|---|---|
| پابەندبوونی پێوەری | 5 | 0.702 |
| پابەندبوونی بەردەوام | 4 | 0.752 |
| پابەندبوونی ڕێکخراوەیی | 14 | 0.844 |
| **کۆی گشتی** | **27** | **0.905** |

سەرچاوە: ئامادەکردنی لەلایەن توێژەران بە بەکارهێنانی پرۆگرامی SPSS

یە پێی خشتەی (٢) بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی ڕاستی کرۆنباخ ئەلفا بۆ برگەکانی فۆڕمی ڕاپرسی ئاستێکی زۆر بەرزی متمانەپێکراوی تۆمارکردوە، لەگەڵ ڕێژەی سەدی بەم شێوەیە: ٧٤,٣٪ بۆ شێوازی ئۆتۆقراتی، ٧٤,٦٪ بۆ شێوازی دیموکراسی، ٧٧,٣٪ بۆ شێوازی باوانی و ٨٣٪ بۆ سەرکردایەتی کارگێڕی . ڕێژەی متمانەپێکراو بۆ پابەندبوونەکان بە ڕێژەی ٧٣,١٪ بۆ پابەندبوونی سۆزداری، بە ڕێژەی ٧٠,٢٪ بۆ پابەندبوونی پێوەری، بە ڕێژەی ٧٥,٢٪ بۆ پابەندبوونی بەردەوام، و بە ڕێژەی ٨٤,٤٪ بۆ پابەندبوونی ڕێکخراوەیی تۆمارکراوە، لە کاتێکدا ڕێژەی متمانەپێکراوی گشتی بۆ فۆڕمی ڕاپرسی گەیشتە ٩٠,٥٪. بەو پێیەی کەمترین نمرەی پێوانەکردنی قبوڵکراوبە ڕێژەی ٦٠٪ ە، ئەم ئەنجامانە ئاماژەن بۆ یەکدەنگییەکی و ڕاستی و دروستی ناوخۆیی بەرز بۆ برگەکانی فۆڕمی ڕاپرسیەکە بە گشتی.

## چوارەم/ فرێکوێنسی، ڕێژەکان، ناوەندی ژمارەیی و لادانی پێوەرییەکان:

### ١. فرێکوێنسی، ڕێژەکان، ناوەندی ژمارەیی و لادانی پێوەرییەکان بۆ سەرکردایەتی کارگێڕی

**خشتەی (٣) فرێکوێنسی، ڕێژەکان، ناوەندی ژمارەیی و لادانی پێوەرییەکان لە نێوان ڕەهەندەکانی گۆڕاوەی سەربەخۆ ڕووندەکاتەوە**

| | تەواو هاوڕانیم | | هاوڕانیم | | بێلایەنم | | هاوڕام | | تەواو هاوڕام | | ناوەندی ژمارەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ.ت | % | ژ.ت | % | ژ.ت | % | ژ.ت | % | ژ.ت | % | | |
| X1 | 6 | 12.0% | 5 | 10.0% | 3 | 6.0% | 21 | 42.0% | 15 | 30.0% | 3.680 | 1.332 |
| X2 | 1 | 2.0% | 4 | 8.0% | 3 | 6.0% | 24 | 48.0% | 18 | 36.0% | 4.080 | 0.966 |
| X3 | 2 | 4.0% | 3 | 6.0% | 9 | 18.0% | 19 | 38.0% | 17 | 34.0% | 3.920 | 1.066 |
| X4 | 5 | 10.0% | 6 | 12.0% | 6 | 12.0% | 18 | 36.0% | 15 | 30.0% | 3.640 | 1.306 |
| **شێوازی ئۆتۆقراتی** | | | | | | | | | | | **3.830** | **0.814** |
| ٥X | 7 | 14.0% | 8 | 16.0% | 8 | 16.0% | 15 | 30.0% | 12 | 24.0% | 3.340 | 1.379 |
| ٦X | 4 | 8.0% | 6 | 12.0% | 11 | 22.0% | 20 | 40.0% | 9 | 18.0% | 3.480 | 1.165 |
| ٧X | 0 | 0.0% | 7 | 14.0% | 4 | 8.0% | 25 | 50.0% | 14 | 28.0% | 3.920 | 0.966 |
| ٨X | 3 | 6.0% | 2 | 4.0% | 7 | 14.0% | 19 | 38.0% | 19 | 38.0% | 3.980 | 1.116 |
| ٩X | 1 | 2.0% | 3 | 6.0% | 9 | 18.0% | 27 | 54.0% | 10 | 20.0% | 3.840 | 0.889 |
| **شێوازی دیموکراسی** | | | | | | | | | | | **3.712** | **0.786** |
| ١٠X | 1 | 2.0% | 3 | 6.0% | 12 | 24.0% | 22 | 44.0% | 12 | 24.0% | 3.820 | 0.941 |

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 0.969 | 3.600 | 14.0% | 7 | 50.0% | 25 | 20.0% | 10 | 14.0% | 7 | 2.0% | 1 | X۱۱ |
| 1.165 | 3.300 | 14.0% | 7 | 36.0% | 18 | 24.0% | 12 | 18.0% | 9 | 8.0% | 4 | X۱۲ |
| 1.147 | 3.700 | 28.0% | 14 | 36.0% | 18 | 18.0% | 9 | 14.0% | 7 | 4.0% | 2 | X۱۳ |
| **0.818** | **3.605** | | | | | | | | | | **شێوازی باوانی** |
| **0.593** | **3.611** | | | | | | | | | | **سەرکردایەتی کارگێڕی** |

سەرچاوە: ئامادەکردنی لەلایەن توێژەران بە بەکارهێنانی پرۆگرامی SPSS

**بە پێی خشتەی (٣) کە فریکوێنسی، ڕێژەی سەدی، لادانی پێوەری و ناوەندی ژمارەیی وەڵامی لێتوێژراوان سەبارەت بە (سەرکردایەتی کارگێڕی و ڕۆڵی لە پابەندبوونی ڕێکخراوەی: توێژینەوەیەکی شیکاریە سەبارەت بە بۆچوونی فەرمانبەرانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی) نیشان دەدات.**

١. **ئەو زانیاریانەی لە وەڵامی بەشداربووان هاتووە سەبارەت بە شێوازی ئۆتۆکراسی (X1 – X4) تێکڕای ناوەندی ژمارەیی (٣,٨٣) بووە، لادانی پێوەری گشتی (٠,٨١٤)بووە ئەمەش واتا داتاکان ئاماژەن بۆ ئاستێکی بەرزی شێوازی سەرکردایەتی ئۆتۆکراسی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.**

٢. **ناوەندی ژمارەیی سەبارەت بە (X9-X5) کە تایبەتە بە وەڵامەکانی شێوازی دیموکراسی بریتیبوو (٣,٧١٢) ، وە لادانی پێوەریەکەشی بریتییە لە (٠,٧٨٦) ئەمەش واتا ئەنجامەکان ئاستێکی بەرزی شێوازی دیموکراسی نیشان دەدەن و ئەمەش بە وەڵامەکانی بەشداربووان پشتڕاست دەکرێتەوە.**

٣. **سەبارەت بە (X13-X10) کە تایبەتە بە شێوازی دیموکراسی باوانی، ناوەندی ژمارەیی بریتییە لە (٣,٦١١)، و لادانی پێوەریەکەی بریتییە لە (٠,٥٩٣)، کە ئەمەش واتا ئاستێکی بەرزی شێوازی باوانی لە بەڕێوەبردندا هەیە.**

٤. **ناوەندی ژمارەیی بۆ (X13-X1) کە تایبەتە بە سەرکردایەتی کارگێڕی بریتییە لە (٣,٦١١)، وە لادانی پێوەبریەکەش بریتییە لە (٠,٥٩٣)، ئەمەش واتا داتاکان ئاماژەن بۆ ئاستێکی بەرزی شێوازەکانی سەرکردایەتی کارگێڕی بە پێی وەڵامەکانی لێتوێژراوانی نموونەکە.**

## ٢. فرێکوێنسی، ڕێژەکان، ناوەندی ژمارەیی و لادانی پێوەرییەکان بۆ پابەندبوونی ڕێکخراوەیی:

**خشتەی (٤) فرێکوێنسی، ڕێژەکان، ناوەندی ژمارەیی و لادانی پێوەرییەکان لە نێوان ڕەهەندەکانی گۆڕاوەی شوێنکەوتە ڕووندەکاتەوە**

| لادانی پێوەری | ناوەندی ژمارەیی | تەواو هاوڕام | | هاوڕام | | بێلایەنم | | هاوڕانیم | | تەواو هاوڕانیم | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | % | ژ.ت | % | ژ.ت | % | ژ.ت | % | ژ.ت | % | ژ.ت | |
| 1.335 | 3.180 | 18.0% | 9 | 30.0% | 15 | 18.0% | 9 | 20.0% | 10 | 14.0% | 7 | Y1 |
| 1.058 | 3.940 | 30.0% | 15 | 50.0% | 25 | 10.0% | 5 | 4.0% | 2 | 6.0% | 3 | Y2 |
| 1.081 | 4.120 | 46.0% | 23 | 34.0% | 17 | 10.0% | 5 | 6.0% | 3 | 4.0% | 2 | Y3 |
| 1.128 | 3.560 | 16.0% | 8 | 48.0% | 24 | 22.0% | 11 | 4.0% | 2 | 10.0% | 5 | Y4 |

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1.355 | 3.400 | 24.0% | 12 | 32.0% | 16 | 18.0% | 9 | 12.0% | 6 | 14.0% | 7 | Y5 |
| **0.832** | **3.640** | | | | | | | | | | | **پابەندبوونی سۆزداری** |
| 1.338 | 3.080 | 20.0% | 10 | 16.0% | 8 | 32.0% | 16 | 16.0% | 8 | 16.0% | 8 | Y6 |
| 1.077 | 4.060 | 46.0% | 23 | 26.0% | 13 | 18.0% | 9 | 8.0% | 4 | 2.0% | 1 | Y7 |
| 0.958 | 3.980 | 34.0% | 17 | 38.0% | 19 | 22.0% | 11 | 4.0% | 2 | 2.0% | 1 | Y8 |
| 1.196 | 3.280 | 18.0% | 9 | 26.0% | 13 | 30.0% | 15 | 18.0% | 9 | 8.0% | 4 | Y9 |
| 1.203 | 3.680 | 28.0% | 14 | 36.0% | 18 | 20.0% | 10 | 8.0% | 4 | 8.0% | 4 | Y10 |
| **0.784** | **3.616** | | | | | | | | | | | **پابەندبوونی پێوەری** |
| 0.947 | 4.040 | 34.0% | 17 | 46.0% | 23 | 12.0% | 6 | 6.0% | 3 | 2.0% | 1 | Y11 |
| 1.153 | 3.240 | 16.0% | 8 | 24.0% | 12 | 36.0% | 18 | 16.0% | 8 | 8.0% | 4 | Y12 |
| 0.833 | 3.860 | 18.0% | 9 | 58.0% | 29 | 18.0% | 9 | 4.0% | 2 | 2.0% | 1 | Y1٣ |
| 1.120 | 3.640 | 24.0% | 12 | 36.0% | 18 | 26.0% | 13 | 8.0% | 4 | 6.0% | 3 | Y1٤ |
| **0.715** | **3.695** | | | | | | | | | | | **پابەندبوونی بەردەوامی** |
| **0.706** | **3.668** | | | | | | | | | | | **پابەندبوونی ڕێکخراوەیی** |

**سەرچاوە: ئامادەکردنی لەلایەن توێژەران بە بەکارهێنانی پرۆگرامی** SPSS

**بە پێی خشتەی (٤) کە فریکوێنسی، ڕێژەی سەدی، لادانی پێوەری و ناوەندی ژمارەیی وەڵامی لێتوێژراوان سەبارەت بە (سەرکردایەتی کارگێڕوی و ڕۆڵی لە پابەندبوونی ڕێکخراوەی: توێژینەوەیەکی شیکاریە سەبارەت بە بۆچوونی فەرمانبەرانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی) نیشان دەدات.**

١. **ناوەندی ژمارەیی سەبارەت بە (Y5-Y1) کە تایبەتە بە پابەندبوونی سۆدزداری بریتیبە لە (٣,٦٤٠) ، وە لادانی پێوەریەکەشی بریتییە لە (٠,٨٣)، ئەمەش واتا داتاکان ئاستێکی بەرزی پابەندبوونی سۆزداری نیشان دەدەن، کە بە وەڵامی لێتوێژراوانی نموونەکە پشتڕاست دەکرێتەوە.**

٢. **سەبارەت بە (Y10-Y6) کە تایبەتە بە پابەندبوونی پێوەری، ناوەندی ژمارەییەکەی بریتییە لە (٣,٦١٦)، و لادانی پێوەریەکەی بریتییە لە (٠,٧٨٤)، ئەمەش واتا ئەنجامەکان ئاستێکی بەرزی پابەندبوونی پێوەری نیشان دەدەن، وەك لە وەڵامەکانی بەشداربووان دەردەکەوێت.**

٣. **ناوەندی ژمارەیی سەبارەت بە (YY14-Y11) کە تایبەتە بە پابەندبوونی بەردەوامی بریتیبە لە (٣,٦٩٥) ، وە لادانی پێوەریەکەشی بریتییە لە (٧١٥٨٣)، ئەمەش واتا داتاکان ئاستێکی بەرزی پابەندبوونی سۆزداری نیشان دەدەن، کە بە وەڵامی لێتوێژراوانی نموونەکە پشتڕاست دەکرێتەوە. کە ئاماژەیە بۆ ئاستێکی بەرزی پابەندبوونی بەردەوامی، کە بە وەڵامی بەشداربووان پشتڕاستکرایەوە.**

٤. **ناوەندی ژمارەیی بۆ (Y14-Y1)کە تایبەتە بە پابەندبوونی ڕیچکخراوەیی بریتییە لە (٣,٦٨٨)، وە لادانی پێوەبریەکەش بریتییە لە (٠,٧٠٦)، ئەمەش واتا داتاکان ئاماژەن بۆ ئاستێکی بەرزی شێوازەکانی سەرکردایەتی کارگێڕی بە پێی وەڵامەکانی لێتوێژراوانی نموونەکە، داتاکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئاستێکی بەرزی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی لە نێوان بەشداربوواندا هەیە، و ئەمەش پشتڕاست دەکرێتەوە بە پشتبەستن بە وەڵامەکانیان.**

## پێنجەم/ پێوانەکردنی مۆدێلی توێژینەوەکە و گریمانەکانی:

ئامانجی شیکردنەوەی مۆدێلی توێژینەوەکە و پشتڕاستکردنەوەی ڕەوایەتی گریمانەکانی و پێوانەکردنی پەیوەندی و کاریگەری نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای گریمانە سەرەکی و لاوەکیەکان، هەروەها لەڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵێك ئامراز و شێوازی ئاماری کە تاقیکرانەوە بۆ ئەنجامدانی شیکاری لەسەر گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە، ئەم لایەنانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

یەکەم: پێوانەکردن و شیکردنەوەی گریمانەی سەرەکی یەکەم

دووەم: پێوانەکردن و شیکردنەوەی گریمانەی سەرەکی دووەم

سێیەم: پێوانەکردن و شیکردنەوەی گریمانەی سەرەکی سێیەم

**یەکەم: پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان گۆڕاوی سەربەخۆ (سەرکردایەتی کارگێڕی) و گۆڕاوەی شوێنکەوتە (پابەندبوونی ڕێکخراوەیی) لە ڕێگەی خشتەی (٥)ەوە پەیوەندی نێوانیان بەم شێوەیە ڕوون دەکەینەوە:**

خشتەی (٥) نیشان دەدات کە پەیوەندییەکی ئەرێنی بەهێز لە نێوان گۆڕاوە سەربەخۆکە (سەرکردایەتی کارگێڕی) و گۆڕاوە شوێنکەوتووەکە (پابەندبوونی ڕێکخراوەیی) هەیە بە ڕێژەی پەیوەندی (٠،٥٦٠)، ئەم ئەنجامەش ڕەوایەتی گریمانەی سەرەکی یەکەم پشتڕاست دەکاتەوە، کە دەڵێت پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان سەرکردایەتی کارگێڕی و پابەندبوونی ڕێکخراوەییدا هەیە.

**دووەم: کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکە (سەرکردایەتی کارگێڕی) و گۆڕاوەی شوێنکەوتە (پابەندبوونی ڕێکخراوەیی): لە ڕێگەی خشتەی (٥)ەوە کاریگەری نێوانیان بەم شێوەیە ڕوون دەکەینەوە:**

خشتەی (٥) کاریگەری سەرکردایەتی کارگێڕی لەسەر پرۆسەی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی

| ANOVA | | Summary | | Coefficient | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **بەهای ئەگەری P-Value** | بەهای تاقیکردنەوە (F) | ڕێژەی دیاریکردن ($R^2$) | **ڕێژەی پەیوەندی (Correlation)** | **بەهای ئەگەری** | بەهای تاقیکردنەوە (t) | المعاملات (B) | |
| **0.000** | 21.935 | **0.314** | **0.560** | 0.019 | 2.420 | 1.261 | جێگیری (Constant) |
| | | | | **0.000** | 4.683 | 0.667 | سەرکردایەتی کارگێڕی |

شیکاری ئاماری و پشتڕاستکردنەوەی گریمانەکان لە ڕێگەی خشتەی (٥) بۆمان دەدەکەوێت کە پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان گۆڕاوە سەربەخۆکە (سەرکردایەتی کارگێڕی) و گۆڕاوەی شوێنکەوتە (پابەندبوونی ڕێکخراوەیی) هەیە بە ڕێژەی پەیوەندی (٠,٥٦٠). ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی پەیوەندییەکی ئەرێنی بەهێز لە نێوان سەرکردایەتی کارگێڕی و پابەندبوونی ڕێکخراوەیی، ئەمەش ڕەوایەتی گریمانەی سەرەکی یەکەم بەهێز دەکات. هەمان خشتەی شیکاری ANOVA نیشان دەدات، کە ( $F=21.935$, $p\text{-value}=0.00$ ) . بەهای ئەگەری کەم پشتڕاستی دەکاتەوە کە گۆڕاوە سەربەخۆکان کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر گۆڕاوە شوێنکەوتەکە هەیە، ئەمەش گونجاوی مۆدێلەکە پشتڕاست دەکاتەوە و پشتگیری لە ڕەوایەتی گریمانەی سەرەکی دووەم دەکات.

لە توێژینەوەکاندا شیکاری (ANOVA) بەکاردەهێنرێت بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا جیاوازییەکانی نێوان چەندین گروپ لە ڕووی ئامارییەوە گرنگن یان نا. لەم حاڵەتەدا، ئەنجامی ANOVA ئاماژە بەوە دەکات کە کاریگەرییەکی بەرچاوی گۆڕاوە سەربەخۆکە (سەرکردایەتی کارگێڕی) لەسەر گۆڕاوە وابەستەکراوەکە (پابەندبوونی ڕێکخراوەیی) هەیە، چونکە بەهای ئەگەرەکە کەمترە لە ئاستی بنەڕەتی ئاماری (ئەلفا = ٠,٠٥). ئەمەش بەو مانایەیە کە جیاوازی لە پابەندبوونی ڕێکخراوەییدا دەتوانرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ کاریگەری سەرکردایەتیکارگێڕی.

ڕێژەی (B=٠,٦٦٧) نیشان دەدات کە بۆ هەر زیادبوونی یەك یەکە لە سەرکردایەتی کارگێڕیدا، پابەندبوونی ڕێکخراوەیی بە ڕێژەی ٠,٦٦٧ یەکە زیاد دەکات. ئەمەش جەخت لەسەر هێز و گرنگی سەرکردایەتی کارگێڕی دەکاتەوە لە بەرزکردنەوەی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی لەناو پێکهاتەی ڕێکخراوەییدا.

ڕێژەی دیاریکردن ($R^2$ =٣١,٤٪) بەو مانایەیە کە نزیکەی ٣١,٤٪ی جیاوازی لە پابەندبوونی ڕێکخراوەییدا دەتوانرێت تەنها بە سەرکردایەتی کارگێڕی ڕوون بکرێتەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە سەرکردایەتی کارگێڕی کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە بەڵام تاکە هۆکار نییە کە کاریگەری لەسەر پابەندبوونی ڕێکخراوەیی هەیە؛ نزیکەی ٦٨,٦٪ی جیاوازییەکە هەیە کە پێویستە بگەڕێنرێتەوە بۆ هۆکارەکانی تر جگە لە سەرکردایەتی کارگێڕی.

لەسەر بنەمای ئەم ئەنجامانە دەتوانرێت بڵێین کە گریمانەی سەرەکی دووەم کە پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان سەرکردایەتی کارگێڕی و پابەندبوونی ڕێکخراوەییدا گریمانە دەکات، بەڕاستی لە چوارچێوەی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا بەدی دێت. ئەمەش گرنگی سەرکردایەتی کارگێڕی وەك هۆکارێکی سەرەکی بۆ باشترکردنی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی بەهێزتر دەکات و سەرنج ڕادەکێشێت بۆ گرنگی پەرەپێدانی تواناکانی سەرکردایەتی لەناو کارگێڕیەکاندا بۆ بەرزکردنەوەی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی.

**سێیەم (گریمانەی لاوەکی یەکەم): پەیوەندی نێوان هەریەك لە ڕەهەندەکانی گۆڕاوەی سەربەخۆکە (سەرکردایەتی کارگێڕی) و گۆڕاوەی وابەستەکراوەکە (پابەندبوونی ڕێکخراوەیی): لە ڕێگەی خشتەی (٦)ەوە پەیوەندی نێوانیان بەم شێوەیە ڕوون دەکەینەوە:**

**چوارەم (گریمانەی لاوەکی دووەم): کاریگەری هەریەك لە دوو گۆڕاوە سەربەخۆکە (سەرکردایەتی کارگێڕی) و گۆڕاوە وابەستەکراوەکە (پابەندبوونی ڕێکخراوەیی):**

**لە ڕێگەی خشتەی (٦)ەوە کاریگەری نێوانیان بەم شێوەیە ڕوون دەکەینەوە:**

خشتەی(٦) کاریگەری ڕەهەندەکانی سەرکردایەتی کارگێڕی لەسەر پرۆسەی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی

| ANOVA | | Summary | | Coefficient | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **بەهای ئەگەری P-Value** | بەهای تاقیکردنەوە (F) | ڕێژەی دیاریکردن ($R^2$) | **ڕێژەی پەیوەندی (Correlation)** | **بەهای ئەگەری** | بەهای تاقیکردنەوە (t) | المعاملات(B) | |
| **0.000** | 30.138 | 0.386 | **0.621** | 0.000 | 4.174 | 1.604 | جێگیری (Constant) |
| | | | | **0.000** | 5.490 | 0.539 | شێوازی ئۆتۆکراسی |
| **0.002** | 10.782 | 0.183 | **0.418** | 0.000 | 5.041 | 2.241 | جێگیری (Constant) |
| | | | | **0.002** | 3.281 | 0.385 | شێوازی دیموکراسی |
| **0.002** | 10.991 | 0.186 | **0.432** | 0.000 | 5.597 | 2.324 | جێگیری (Constant) |
| | | | | **0.002** | 3.315 | 0.373 | شێوازی باوانی |

سەرچاوە: ئامادەکردنی لەلایەن توێژەران بە بەکارهێنانی پرۆگرامی SPSS

**خشتەی (٦) نیشان دەدات کە پەیوەندییەکی ئەرێنی بەهێز لە نێوان شێوازی ئۆتۆکراسی وەك گۆڕاوێکی سەربەخۆ و پابەندبوونی ڕێکخراوەیی وەك گۆڕاوێکی وابەستە هەیە کە ڕێژەی پەیوەندی یەکسانە بە (٠,٦٢١). ئەم پەیوەندییە ڕەوایەتی گریمانەی لاوەکی یەکەم پشتڕاست دەکاتەوە کە پێشبینی پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان ئەم دوو گۆڕاوەدا کردووە. ئەنجامەکانی شیکاری ANOVA ئەم ئەنجامانە بەهێز دەکەن بە نیشاندانی گونجاوی مۆدێلی ئاماری بەکارهێنراو، چونکە بەهای ئاماری (F= ٣٠,١٣٨) و بەهای ئەگەری (p-value= ٠,٠٠٠) ئاماژە بەوە دەکەن کە کاریگەرییەکی بەرچاوی شێوازی ئۆتۆکراسی لەسەر پابەندبوونی ڕێکخراوەیی. ئەم بەهای ئەگەرە زۆر کەمترە لە سنووری ئاماری (ئەلفا = ٠,٠٥)، ئەمەش ڕەوایەتی کاریگەری شێوازی ئۆتۆکرسی لەسەر پابەندبوونی ڕێکخراوەیی پشتڕاست دەکاتەوە. خشتەکە نیشان دەدات کە شێوازی ئۆتۆکرسی ڕێژەی (B) یەکسانە**

بە (٠,٥٣٩). ئەمەش بەو مانايەيە كە هەر زيادبوونێكی يەك يەكەيی لە شێوازی ئۆتۆكرسی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ٠.٥٣٩ لە ئاستی پابەندبوونی ڕێكخراوەييدا.

خشتەكە ئاماژە بەوە دەكات كە پەيوەندييەكی ئەرێنی لە نێوان شێوازی ديموكراسی وەك گۆڕاوێكی سەربەخۆ و پابەندبوونی ڕێكخراوەيی وەك گۆڕاوێكی وابەستە هەيە، بە ڕێژەی پەيوەندی (٠,٤١٨). ئەم پەيوەندييە جێبەجێكردنی گريمانەی سەرەكی يەكەم پشتڕاست دەكاتەوە، كە دەڵێت پەيوەندييەكی ئەرێنی لە نێوان ئەم دوو گۆڕاوەدا هەيە. ئەنجامی شيكاری ANOVA نيشان دەدات كە مۆدێلی ئاماری بەكارهێنراو گونجاوە، چونكە شيكاری ANOVA بەهایF= ١٠,٧٨٢ و بەهای ئەگەری(p-value= ٠,٠٠٢)نيشان دەدات. ئەم بەهايانە ئاماژەن بۆ كاريگەرييەكی بەرچاوی شێوازی ديموكراسی لەسەر پابەندبوونی ڕێكخراوەيی، كاريگەرييەك كە لە ڕووی ئامارييەوە بە گرنگ دادەنرێت لەبەرئەوەی بەهای ئەگەرەكان كەمترە لە سنووری ئاماری (ئەلفا = ٠,٠٥). ڕێژەی (B) بۆ جۆری ديموكراسی لە خشتەكەدا بەم شێوەيە تۆمار كراوە (٠,٣٨٥). ئەمەش بەو مانايەيە كە بۆ هەر يەك يەكە زيادبوونێك لە جێبەجێكردنی شێوازی ديموكراسی لەناو ڕێكخراوەكەدا، پابەندبوونی ڕێكخراوەيی بە ڕێژەی ٠.٣٨٥ يەكە زياد دەكات، ئەمەش كاريگەريی ئەم شێوازە لەسەر بەرزكردنەوەی پابەندبوون لە نێوان كارمەندانداندا دەردەخات. ڕێژەی دياريكردن $R^2$ جياوازی لە پابەندبوونی ڕێكخراوەييدا كە دەتوانرێت بە شێوازی ديموكراسی ڕوون بكرێتەوە ١٨,٣٪ يە، بەپێی ڕێژەی دياريكردن كە لە خشتەكەدا تۆماركراوە. ئەمەش ئاماژەيە بۆ ئەوەی كە شێوازی ديموكراسی بەشدارييەكی بەرچاوی هەيە لە پابەندبوونی ڕێكخراوەيی، لە كاتێكدا بەشەكەی ديكەی جياوازييەكە دەگەڕێتەوە بۆ هۆكارەكانی ديكە كە لەم توێژينەوەيەدا نەخراونەتە ڕوو. لەسەر بنەمای ئەم ئەنجامانە دەتوانين بڵێين كە شێوازی سەركردايەتی ديموكراسی بە پاڵنەرێكی كاريگەر دادەنرێت بۆ بەرزكردنەوەی پابەندبوونی ڕێكخراوەيی لەناو ڕێكخراوەكاندا، ئەمەش پشتگيری لە گريمانەی سەرەكی دووەم دەكات و تيشك دەخاتە سەر گرنگی وەرگرتنی شێوازەكانی سەركردايەتی بۆ گەيشتن بە بەرزترين ئاستی پابەندبوون.

خشتەی (٦) نيشان دەدات كە پەيوەندييەكی ئەرێنی لە نێوان گۆڕاوە سەربەخۆكە (شێوازی ياوانی) و گۆڕاوەی وابەستە (پابەندبوونی ڕێكخراوەيی) بە ڕێژەيەكی (٠,٤٣٢) هەيە، كە يەكەم گريمانەی سەرەكی جێبەجێ دەكات خشتەی پشتڕاستكردنەوەی گونجاوی گۆڕاوە سەربەخۆكان لەسەر گۆڕاوە وابەستەكراوەكە، و بەمجۆرە مۆدێلەكە گونجاوە لەسەر بنەمای (F=10.991, p-value=0.002 )

كاريگەرييەكی بەرچاو هەيە بۆ گۆڕاوە سەربەخۆكە (شێوازی باوانی) و گۆڕاوە وابەستە (پابەندبوونی ڕێكخراوەيی) چونكە بەهای ئەگەری ANOVA كەمترە لە ئەلفا = ٠,٠٥. ڕێژەی (B) بۆ شێوازی باوانی (٠,٣٧٣)ە، ئەمەش بەو مانايەيە كە زيادبوونی يەك يەكە بۆ شێوازی باوانی لەناو ڕێكخراوەكەدا پابەندبوونی ڕێكخراوەيی بە ڕێژەی (٠,٣٧٣) زياد دەكات ڕێژەی($R^2$ لە پابەندبوونی ڕێكخراوەييدا كە دەتوانرێت بە شێوازی باوانی ڕوون بكرێتەوە كە ١٨,٦٪ە، بەپێی ڕێژەی دياريكردن كە لە خشتەكەدا تۆماركراوە. ئەمە ئەوە پيشان دەدات كە شێوازی باوانی بەشدارييەكی بەرچاوی هەيە لە پابەندبوونی ڕێكخراوەيی، لە كاتێكدا بەشەكەی ديكەی جياوازييەكە

دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارەکانی دیکە کە لەم توێژینەوەیەدا نەخراونەتە ڕوو. ، و بەمجۆرە گریمانەی سەرەکی دووەم جێبەجێ دەکرێت.

## سێیەم: پێوانەکردن و شیکردنەوەی گریمانەی سەرەکی سێیەم:

**ئەنجامەکان لە خشتەی (٧)دا پێوانەکردنی جیاوازی نێوان بۆچوونی وەڵامدەرەوەکان سەبارەت بە تایبەتمەندییە کەسییەکان لە ڕووی (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری و ساڵانی خزمەت) نیشان دەدەن:**

**خشتەی (٧) تاقیکردنەوەی جیاوازی بۆ بۆچوونی وەڵامدەرەوەکان سەبارەت بە تایبەتمەندییە کەسییەکان ڕووندەکاتەوە**

| **p-value** | t / F | Std. Deviation | Mean | N | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **0.407** | 0.837 | 0.607 | 3.687 | 23 | نێر | سەرکردایەتی کارگێڕی | ڕەگەز |
| | | 0.584 | 3.546 | 27 | مێ | | |
| **0.062** | 1.913 | 0.556 | 3.870 | 23 | نێر | پابەندبوونی ڕێکخراوەیی | |
| | | 0.782 | 3.496 | 27 | مێ | | |
| **0.434** | 1.140 | 0.535 | 3.022 | 3 | 20-29 | سەرکردایەتی کارگێڕی | تەمەن |
| | | 0.565 | 3.613 | 25 | 30-39 | | |
| | | 0.660 | 3.671 | 17 | 40-49 | | |
| | | 0.456 | 3.747 | 5 | ٥٠ بۆ سەرەوە | | |
| **0.281** | 1.315 | 0.067 | 3.133 | 3 | 20-29 | پابەندبوونی ڕێکخراوەیی | |
| | | 0.774 | 3.573 | 25 | 30-39 | | |
| | | 0.675 | 3.890 | 17 | 40-49 | | |
| | | 0.449 | 3.707 | 5 | ٥٠ بۆ سەرەوە | | |
| **0.429** | 0.941 | 0.642 | 3.444 | 9 | ئامادەیی | سەرکردایەتی کارگێڕی | ئاستی خوێندەواری |
| | | 0.474 | 3.811 | 12 | دبلوم | | |
| | | 0.622 | 3.630 | 22 | بەکالۆریوس | | |
| | | 0.625 | 3.419 | 7 | ماستەر | | |
| **0.298** | 1.270 | 0.421 | 3.652 | 9 | ئامادەیی | پابەندبوونی ڕێکخراوەیی | |
| | | 0.441 | 3.861 | 12 | دبلوم | | |
| | | 0.790 | 3.476 | 22 | بەکالۆریوس | | |
| | | 0.991 | 3.962 | 7 | ماستەر | | |
| **0.481** | 0.744 | 0.330 | 3.300 | 2 | 1-10 | سەرکردایەتی کارگێڕی | ساڵانی خزمەت |
| | | 0.640 | 3.587 | 40 | 11-20 | | |
| | | 0.297 | 3.808 | 8 | 21+ | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 0.593 | 3.611 | 50 | کۆی گشتی | | |
| **0.354** | 1.062 | 0.047 | 3.100 | 2 | 1-10 | پابەندبوونی ڕێکخراوەیی | |
| | | 0.691 | 3.652 | 40 | 11-20 | | |
| | | 0.823 | 3.892 | 8 | 21+ | | |
| | | 0.706 | 3.668 | 50 | کۆی گشتی | | |

سەرچاوە: ئامادەکردنی لەلایەن توێژەران بە بەکارهێنانی پڕۆگرامی SPSS

خشتەکە نیشان دەدات کە بەهای ئەگەری بۆ تایبەتمەندییە کەسییەکان ، وەك ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێنەواری و ساڵانی خزمەت، هەموویان لە ئاستی گرنگی توێژینەوەکە زیاترن کە (٠,٠٥)ە. ئەمەش بەو مانایەیە کە جیاوازییەکی بەرچاو لە بۆچوونەکاندا نییە کە بە پشتبەستن بەو تایبەتمەندییانە دەربڕدراون. وە نەبوونی جیاوازییەکی ئاماری بەو مانایەیە کە تایبەتمەندییە کەسییەکانی نموونەی توێژینەوەکە کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر بۆچوونەکانیان نەبووە بەرامبەر بە سەرکردایەتی کارگێڕی و پابەندبوونی ڕێکخراوەیی، ئەم ئەنجامانەش بەڵگەیەك دەدەن کە هەڵسەنگاندنەکانی سەرکردایەتی کارگێڕی و پابەندبوونی ڕێکخراوەیی ڕەنگە لە سەرا گروپە دیمۆگرافییە جیاوازەکانی نمونەی توێژینەوەکەدا یەکسان بن. ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە ئەم پێوەرانە ڕەنگە بە هۆکاری گشتی و بابەتیی هەژمار بکرێن لە هەڵسەنگاندنی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی و سەرکردایەتی بەڕێوەبەرایەتی لە ناو ڕێکخراوێکدا، بە پشتبەستن بەم ئەنجامانە دەتوانرێت بڵێین گریمانەی سەرەکی سێیەم نەسەلمێنراوە. ئەو گریمانەیەی کە جیاوازییەکی بەرچاو لە بۆچوونەکاندا هەیە سەبارەت بە سەرکردایەتی کارگێڕی و پابەندبوونی ڕێکخراوەیی لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە کەسییەکان پووچەڵکرایەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هیچ کاریگەرییەکی بەرچاوی ئەم تایبەتمەندییانە لەسەر ئەو بۆچوونانە نییە کە لەم توێژینەوەیەدا دەربڕدراون.

# بەشی چوارەم

# ئەنجام، پێشنیاز و ڕاسپاردەکان

## یەکەم/ ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

## دووەم پێشنیازەکان

## سێیەم/ ڕاسپاردەکان

# بەشی چوارەم

# ئەنجام، پێشنیاز و ڕاسپاردەکان

## یەکەم/ ئەنجامەکان:

١. لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە، کەوا زۆرینەی لێتوێژراوان لە ڕەگەزی مێن، کە ئەمەش نیشانەی سەروەری مێینە دەردەخات و ڕەنگدانەوەی پێشکەوتنی ئەرێنییە کە دەرفەتەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دادەندرێت.

٢. لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا ڕوون بووەتەوە، کەوا زۆرینەی تەمەنی لێتوێژراوان لە نێوان تەمەنە مامناوەندەکان چڕ دەبێتەوە، ئەمەش توانای فەرمانبەران بەرز دەکاتەوە بۆ بڕیاردانی کارگێڕی کاریگەر چونکە خاوەنی توانای گەنجی تەواون.

٣. دەرەنجامەکان ئەوەیان نیشان داوە کەوا زۆرینەی فەرمانبەران هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن، ئەمەش ڕێژەیەکی باشە، ئەوەش دەگەیەنێت کەوا ئاستی خوێندەواری فەرمانیەران بەرزە، کەواتە دەتواندرێت بە کەمترین ماندووبوون و هەوڵدان، ئاڕاستەی ئامانجەکانی دەزگا بکرێن و ئاستی ڕۆشنبیری و توانای زانستی و پسپۆڕیان پەرە پێبدرێت.

٤. ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوە ڕوون دەکەنەوە، کەوا زۆرینەی فەرمانبەران ژمارەی ساڵانی خزمەتیان لە نێوان ١١ بۆ ٢٠ ساڵدایە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی کەڵەکەبوونی ئەزموون و لێهاتوویی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکان و بڕیاردانی دروستە.

٥. لە ئەنجامی وەڵامی لێتوێژراوانی نموونەی توێژینەوەکە دەرکەوتووە, شێوازەکانی سەرکردایەتی کارگێڕی لە ئاستێکی باش و بەرز دایە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی قبولکردن لەلایەن تاکەکانی ناو نموونەی توێژینەوەکە.

٦. ئەنجامەکان ئەوە نیشان دەدەن، کەوا پابەندبوونی ڕێکخراوەیی لە نێو فەرمانبەران لە ئاستێکی بەرز دایە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە زیاتر پابەندبن.

٧. ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن، کە پەیوەندیەکی بەهێز و ئەرێنی و بەرچاو لە نێوان سەرکردایەتی کارگێڕی و پابەنبوونی ڕێکخراوەییدا هەیە، ئەمەش پشتڕاستی دەکاتەوە کە پەیوەندییەك لە نێوان هەردوو گۆڕاوەکەدا هەیە.

٨. لە ئەنجامی شیکاری سادە بۆمان دەردەکەوێت، کە کاریگەرییەکی ئەرێنی و بەرچاوی سەرکردایەتی کارگێڕی لەسەر پابەندبوونی ڕێکخراوەیی نیشان دەدا، ئەمەش گرنگی سەرکردایەتی کاریگەر لە بەرزکردنەوەی پابەندبوونی ڕێکخراوەییدا پشتڕاست دەکاتەوە.

٩. ئەنجامەکان دەریانخست کە هیچ گۆڕانکارییەك لە بۆچوونەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا نییە سەبارەت بە سەرکردایەتی کارگێڕی و پابەندبوونی ڕێکخراوەیی بەپێی تایبەتمەندییەکانی (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری و ساڵانی خزمەت)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە گۆڕانکارییەکە گرنگ نییە سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی ، واتە هیچ جیاوازییەك لە وەڵامی وەڵامدەرەوەکاندا نییە.

## دووەم/ پێشنیازەکان:

لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامانەی کە خراوەتەڕوو دەتوانرێت چەندین پێشنیاز بخەینەڕوو:

١. برەودان بە کلتوری هەماهەنگی و پەیوەندی کراوە لە نێوان بەشە جیاوازەکانی ناو وەزارەت. ئەمەش بەشدارە لە باشترکردنی لێکتێگەیشتن و ئاڵوگۆڕی زانیاری و ئەزموونەکان لە نێوان تاکەکاندا و پابەندبوونی ڕێکخراوەیی بەرز دەکاتەوە و بەم شێوەیە کاریگەری ئەرێنی لەسەر ئەدای کارەکان دەبێت.
٢. بەرەوپێشبردنی هاوسەنگی ڕەگەزی هەرچەندە مێینەکان لە هەندێك لایەندا باڵادەستن، بەڵام دەبێت هێشتا پێویستە هاوسەنگییەکی لە نێوان نێر و مێدا هەبێت بۆ بەدەستهێنانی فرەچەشنی و نوێنەرایەتییەکی باش.
٣. هێنانە پێشەوەی کەسانی خاوەن ئەزموون و بڕوانامەی باڵا لە بواری سەرکردایەتی کردن بۆ بەرزکردنەوەی ئەدای کار و پەرەپێدانی تواناکانی ڕێکخراوەیی.
٤. دابینکردنی پاڵپشتی و سەرچاوەی پێویست بۆ فەرمانبەران بۆ ئەوەی بتوانن کارەکانیان بە شێوەیەکی کارا و کاریگەر ئەنجام بدەن، ئەمەش بە کردنەوەی خول، سیمینار و هاوشێوەکانیان دەکرێت.
٥. دروستکردنی ژینگەیەکی کارکردنی ئەرێنی و پاڵپشت کە هاندانی داهێنان بێت ئەمەش لەڕێگەی دابینکردنی شوێنی کارکردنی گونجاو و پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، کە ئەوەش هاوکاری و ڕەزامەندی لە کار بەرز دەکاتەوە.
٦. هاندان و پشتگیریکردنی سەرکردایەتی ئەرێنی و ئیلهامبەخش و درەوشاوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی باڵا چونکە سەرکردایەتی ئەرێنی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بەرزکردنەوەی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی و ئەدای کار.
٧. بەرزکردنەوەی کلتوری پاڵنەر و پاداشت، چونکە گرنگە سیستەمێکی پاڵنەر دروست بکرێت کە پاداشتی ماددی و مەعنەوی، پلەبەرزکردنەوە، و پێزانینی گشتی بۆ هەوڵەکان لەخۆبگرێت، بۆ هاندانی پابەندبوون و ئەدای نایابی فەرمانبەران

## سێیەم/ ڕاسپاردەکان:

١. توێژینەوەی زیاتر هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئاستی دەزگاکان و ئاستی حکومەتی هەرێم بکرێت.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ڕۆڵی متمانەی ڕێکخراوەیی لە بەرزکردنەوەی پابەندبوونی ڕێکخراوەیی.

٣. ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ڕۆڵی سەرکردە کارگێڕیەکان، لە پەرەپێدانی کۆمەڵگا و بنبڕکردنی گەندەڵی.

٤. توێژینەوەی زیاتر بەسەر ڕۆڵی سەرکردایەتی ئەخلاقی لە بنیاتنانی کەشوهەوای ڕێکخراوەیی ئەرێنیدا.

٥. ئەنجام دانی توێژینەوە لەسەر کاریگەری کارامەییەکانی سەرکردە کارگێڕییەکان و ڕۆڵیان ئەدای کارکردنی دەزگاکاندا.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان


## یەکەم/ سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

١. قورئان كريم

٢. كنعان؛ د. نواف(١٩٩٨)، القياده الاداريه، ط ١، دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان - الاردن.

٣. الطيب، محمد رفيق،(١٩٩٥)، نظرية مدخل للتسيير ، اساسيات -وظائف -تقنيات ، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر.

٤. رفاعي، محمد . بسيوني، اسماعيل، (٢٠٠٤)، ادارة السلوك التنظيمي في المنظمات، دار المريخ ،الرياض ، المملكة العربية السعودية.

## دووەم/ سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:

١. دەرگەڵەیی؛ دیندار حسین احمد دەرگەڵەیی، ٢٠١٣، بەڕێوەبردن لە نێوان تیۆر و پراکتیکدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢. الشماع؛ خلیل محمد(٢٠١٦)، بنەماکانی کرگێڕی بە تایبەتی کارگێڕی کار، چاپی یەکەم، و. محەمەد چیا، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار.

٣. دەرگەڵەیی؛ دیندار حسین احمد (٢٠١٣)، بەڕێوەبردن لە نێوان تیۆر و پراکتیکدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٤. ئەبراش؛ د. ئیبراهیم ئەبڕاش (٢٠١٣)، میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی هەنگاوەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی، چاپی یەکەم، و.یدار ئەبوزێد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

## سێیەم/ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان:

١. صیاح؛ یونانس(٢٠١٦)؛ أثر أنماط القيادة الإدارية على الإلتزام التنظيمي (دراسة حالة القطاع البنكي لولاية بسكرة) رسالة دكتوراء، قسم علوم التسيير، كلية العلوم الاقتصادية و التجارية و علوم التسيير، جامعة محمد خيضر- بيسكرة-

٢. یەحیا؛ نزار احمد(٢٠١٠)؛ سەرکردایەتی کارگێڕیی و ڕۆڵی لە ڕێکخستنی دەزگا حکومیەکاندا (توێژینەوەیەکی مەیدانیبە لە شاری هەولێر، نامەی ماستەر، بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئەدبیات، زانکۆی سەلاحەین.

٣. عبدالمجيب؛ عوسي محمدز مختار؛ بوطويقة(٢٠٢٢)، دور القيادة الإدارية في تنمية الثقافة التنظيمية للعاملين (دراسة حالة مستشفى الأذن والحنجرة بولاية تيارت)، رسالة ماجستير، قسم علوم التسيير، كلية العلوم الاقتصادية والتجارية، وعلوم التسيير، جامعة ابن خلدون -تيارت-.

٤. الوزان، خالد،(٢٠٠٦)؛ المناخ التنظيمي وعلاقته بالالتزام التنظيمي في مملكة البحرين، دراسة مسحية مقارنة على الضباط التدريب بوزارة الداخلية.

٥. ابتسام؛ جرادة(٢٠١٨)، القيادة الإدارية وأثرها علي الالتزام التنظيمي في المؤسسة الاقتصادية (دراسة ميدانية بمؤسسة اتصالات الجزائر (بمدينة الجلفة))، رسالة ماجستير، قسم علم الاجتماع، مدرسة الدكتوراه علم الاجتماع المنظمات المناجمنت، جامعة الجزائر ٢ بلقاسم سعد الله.

٦. الحميدي؛ الطيب. ببوخة؛ نصرالدين(٢٠١٩)، القيادة الإدارية وعلاقتها بالالتزام التنظيمي في المؤسسة الخدمية (دراسة ميدانية بالصندوق الوطني للتأمينات الاجتماعية للعمال الأجراء cnas وكالة الوادي)، رسالة ماجستير، قسم العلوم الاجتماعية، كلية العلوم الاجتماعية والإنسانية، جامعة الشهيد حمه لخضر - الوادي، الجزائر.

٧. الطائي، علي حسون،(٢٠٠٥)، بناء راس المال الفكري بين إدارة التمكين وفاعلية الموارد القرار الاستراتيجي، مجلة علوم الاقصادية، الادارية ، كلية الادارة و الاقتصاد جامعة بغداد، مجلد١١، عدد٣٩.


## چوارەم/ سەرچاوەكان بە زمانی ئینگلیزی:


1. Kotter, J.P., 1996. Leading Change. Boston: Harvard Business School Press
2. Northouse, P.G., 2016. Leadership: Theory and Practice. 7th ed. Thousand Oaks, CA: SAGE Publications
3. Kouzes, J.M., and Posner, B.Z., 2012. The Leadership Challenge. 5th ed. San Francisco, CA: Jossey-Bass
4. Bass, B.M. & Bass, R., 2008. Handbook of Leadership: Theory, Research, and Managerial Applications. 3rd ed. New York: Free Press
5. Weibo Weibo, Z. Kaur, S.& W. (2010), development of organizational, p16 weibo et al

# پاشکۆکان

## پاشکۆی ژمارە (١)

### خشتەی (٧)

### ئەو نمرانەی کەوا پسپۆڕان داویانە لە کاتی تاقیکردنەوەی ڕاستی فۆڕمی:

| ژمارە | ناوی پسپۆڕان | ناوی زانکۆ | ژ. برگە ڕاستەکان | ژ. برگە هەڵەکان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | د. احمد فتح الله احمد | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | ٢٨ | ٣ |
| ٢ | د.هەژار طلعت بلباس | زانکۆی صلاح الدین | ٢٩ | ٢ |
| ٣ | د. احسان شریف صالح | زانکۆی سۆران | ٢٦ | ٥ |
| ٤ | د.خالد حمد امین میرخان | زانکۆی جیهان | ٣٠ | ١ |
| ٥ | د.مظفر حمد علی | زانکۆی صلاح الدین | ٢٨ | ٣ |
| ٦ | د.عبدالرحمن زرار شیروانی | زانکۆی صلاح الدین | ٢٧ | ٤ |
| کۆی گشتی | | | ١٦٨ | ١٨ |

ژمارەی گشتی برگەکانی پێوەرەکە(٣١) برگەیە و ژمارەی پسپۆڕانیش (٦) پسپۆڕن.

کۆی برگەکان = ژمارەی برگەکانی ئامراز جاران ژمارەی پسپۆڕان کەواتە = ٣١جاران ٦ =١٨٦

ژمارەی برە ڕاستەکان=١٦٨

ژمارەی برگە هەڵەکان=١٨

$$\text{ڕاستی گشتی فۆڕمەکە} = \frac{\text{ژمارەی برگەڕاستەکان}}{\text{ژمارەی برگەکانی ئامراز}} 100 \qquad = \frac{168}{186} 100$$

$$= \%90.32$$

**پاشكۆی ژماره (٢)**

**فۆڕمی پسپۆڕان**

**حكومەتی هەرێمی كوردستان - عێراق**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر**

**كۆلێژی تەكنیكی كارگێڕی هەولێر**

**بەشی كارگێڕی كار**

**٢٠٢٣ - ٢٠٢٤**

---

## هەڵسەنگاندنی پسپۆڕان بۆ فۆڕمی راپرسی

مامۆستای بەڕێز...........................................

سلاّو رێز.....

لە ئێستادا توێژەران خەریكی ئامادەكردنی توێژینەوەیەكی زانستین بەناونیشانی **(سەركردایەتی كارگێڕی و ڕۆڵی لە بەرزكردنەوەی پابەندبوونی ڕێكخراوەیی كە لێكۆڵینەوەیەكی شیكاریە سەبارەت بە بۆچوونی فەرمانبەران لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی)** وەك بەشێك لە پێداویستیەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە كارگێڕی كاردا، ئەم پرسیارنامەیە ئامرازێكی سەرەكییە بۆ توێژینەوەی زانستی. بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموون و زانیارییە بەرفراوانەكانتان لەم بوارەدا، تكایە بۆچوونی خۆتان لەسەر گونجاوی ناوەڕۆكەكە لەگەڵ گۆڕاوەكان و ڕەهەندەكانی توێژینەوەكە بخەنەڕوو. هاوكاری بەڕێزتان بەرز دەنرخێنین و چاوەڕوانی بیرۆكە و ڕێنماییەكانتان دەكەین بۆ باشتركردنی كوالیتی ناوەڕۆكەكە.

**لەگەڵ ئەوپەڕی رێز و سوپاس...**

**بە سەرپەرشتی:**

م. دیلان فؤاد شیروان

**ئامادەكردنی قوتابیان:**

یحیی بایز رسول

احمد زرار سعید

جنان حامد جمیل

**ناوی هەڵسەنگێنەر:** ........................................................

**نازناوی زانستی:** ..........................................................

**پسپۆڕی:** ..................................................................

**ناوی زانكۆ و كۆلێژ:** ......................................................

| ژ | برگەکان | | | | | | ڕازیم | ڕازی نیم | بگۆڕدرێ | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | **یەکەم/ زانیاریە گشتیەکان:** | | | | | | | | | |
| ١ | ڕەگەز | | | | | | | | | |
| ٢ | تەمەن | | | | | | | | | |
| ٣ | ئاستی خوێندەواری | | | | | | | | | |
| ٤ | ژمارەی سالأنی خزمت | | | | | | | | | |
| | **دووەم/ زانیاریەکانی تایبەت بە تەوەری توێژینەوەکە:**<br>**١. سەرکردایەتی کارگێڕی:** | | | | | | | | | |
| | **أ. شێوازی ئۆتۆکراسی** | | | | | | | | | |
| ژ | برگەکان | تەواو هاوڕەم | هاوڕام | بێلایەنم | هاوڕانیم | تەواو هاوڕانیم | | | | |
| ١ | بەڕێوەبەرەکەت ڕێگە بە ئازادیەکی زۆر دەدات لە کاتی کارکردندا | | | | | | | | | |
| ٢ | بەڕێوەبەرەکەت متمانەی بە توانا و لێهاتووی فەرمانبەران هەیە | | | | | | | | | |
| ٣ | بەڕێوەبەرەکەت دەسەلأتی هەیە و شکۆی پێگەکەی دەپارێزێت | | | | | | | | | |
| ٤ | بەڕێوەبەرکەت سوورە لەسەر ئەوەی کەگوێڕایەڵی ئەوبن | | | | | | | | | |
| | **ب. شێوازی دیموکراسی** | | | | | | | | | |
| ٥ | بەڕێوەبەر بەشداری بە فەرمانبەران دەکات لە کاتی بڕیاردانندا | | | | | | | | | |
| ٦ | ئایا بەڕێوەبەرەکەت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ هەموو فەرمانبەراندا دەکات | | | | | | | | | |
| ٧ | بەڕێوەبەرەکەت ڕێبازێکی پتەو و تایبەتمەند پەیڕەو دەکات بۆ کارکردن. | | | | | | | | | |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨ | بەڕێوەبەرەکەت خۆی لە بەکارهێنانی هەڕەشە و سزا دەپارێزێت. | | | | | | | | | |
| ٩ | بەڕێوەبەرەکەت شێوازی ڕازیکردن و هاوکاری و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی فەرمانبەران پەیڕەو دەکات. | | | | | | | | | |
| **ت. شێوازی پاشاگەردانی (النمط الابوي)** | | | | | | | | | | |
| ١٠ | بەڕێوەبەر پێداویستی فەرمانبەران دابین دەکات و گرنگی بە هەستەکانیان دەدات. | | | | | | | | | |
| ١١ | بەڕێوەبەر گرنگی بە جیاوازی تاکەکەسی دەدات لە نێوان فەرمانبەراندا. | | | | | | | | | |
| ١٢ | بەڕێوەبەرەکەت لە کاتی بڕیاردانندا پشت بە میتۆدی زانستی دەبەستێت. | | | | | | | | | |
| ١٣ | بەڕێوەبەرەکەت پێداویستییەکانی ڕاهێنانی کارمەندەکان دابین دەکات. | | | | | | | | | |

## ٢. پابەندبوونی ڕێکخراوەیی

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **أ. پابەندبوونی سۆزداری(الالتزام العاطفي):** | | | | | | | | | | |
| ١ | هە ست دەکەم ئەو کێ شانەی کە لە شوێنی کاردا ڕووبەڕووم دەبنەوە بەشێکن لە کێشەکانم. | | | | | | | | | |
| ٢ | هەست دەکەم بەشێکم لە تیمی کار. | | | | | | | | | |
| ٣ | متمانە و هە ستێکی بەهێزم هەیە کە سەر بە ئەم وەزارەتەم. | | | | | | | | | |
| ٤ | پێم وا یە کارکردن لەم وەزارە تەدا ڕەچاوکردن و مانای کەسی هەیە. | | | | | | | | | |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥ | هەست دەکەم ئەم وەزارەتە دەستکەوتێکم پێشکەش دەکات کە لە شوێنەکانی تردا بەردەست نییە. | | | | | | | | | |
| | **ب. پابەندبوونی پێوەری(الالتزام المعیاری)** | | | | | | | | | |
| ٦ | پێم وایە گواستنەوەم بۆ وەزارەتەکانی تر لە ڕووی ئەخلاقییەوە نەشیاوە. | | | | | | | | | |
| ٧ | بەزەحمەت بڕیاری وازهێنان لەم وەزارەتە دەدەم. | | | | | | | | | |
| ٨ | گرنگی بە ناوبانگ و ئایندەی وەزارەتەکە دەدەم | | | | | | | | | |
| ٩ | هەست بە قەرزاری ئەم وەزارەتە دەکەم بەهۆی ئەو ئیمتیازە گەورانەی کە پێشکەشم دەکات. | | | | | | | | | |
| ١٠ | پێم وایە وەزارەت شایەنی دڵسۆزی و پەرۆشی منە. | | | | | | | | | |
| | **ت. پابەندبوونی بەردەوام (الالتزام المستمر)** | | | | | | | | | |
| ١١ | هەست دەکەم مانەوەم لە کارەکەی ئێستامدا ڕەنگدانەوەی پێویستی کارکردنمە. | | | | | | | | | |
| ١٢ | باوەڕم وایە وازهێنانم لەم وەزارەتەدا کێشە و پشێوی زۆر دروست دەکات. | | | | | | | | | |
| ١٣ | هەست دەکەم بژاردە و هەلی کارم سنووردارە سەبارەت بە جێهێشتنی کارەکەم لەم وەزارەتەدا. | | | | | | | | | |

**پاشکۆی ژمارە (٣)**

**فۆڕمی ڕاپرسی**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق**
**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر**
**کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر**
**بەشی کارگێری کار**
**٢٠٢٣ - ٢٠٢٤**

---

# فۆڕمی ڕاپرسی

خوشکی بەڕێزم............

برای بەڕێزم................

ئەم فۆڕمە ئامانجی ڕوونکردنەوەی **(سەرکردایەتی کارگێڕی و ڕۆڵی لە بەرزکردنەوەی پابەندبوونی ڕێکخراوەییدا کە لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریە سەبارەت بە بۆچوونی فەرمانبەران لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی)**، کە بەشێکە لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کارگێڕی کاردا، بۆیە داواکارم لە بەڕێزت وەڵامی پرسیارەکان بە گرنگیپێدانێکی تەواو بدەیەوە و هیچ بڕگەیەك بەبێ وەڵام مەهێڵەوە، گرنگی پێدانت خزمەتکردنە بە زانست،

زۆر سوپاس بۆ هاوکاری و گرینگیپێدانتان لەگەڵ ئەو پەڕی پێزانین و ڕێزدا.

**تێبینی/**

١. پێویست بە نوسین و ئاشکراکردنی ناوەکەت ناکات.
٢. هێمای( √ ) لە بەرامبەر وەڵامی گونجاوت دابنێ، کە ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانت بێت.
٣. ئەم زانیاریانە تەنیا بۆ مەبەستی زانستین.

**توێژەران:**

١. یحیی بایز رسول
٢. احمد زرار سعید
٣. جنان حامد جمیل

**سەرپەرشتیار:**

م. دیلان فؤاد شیروانی

**یەکەم/ زانیارییە گشتییەکان:**

١. ڕەگەز: نێر [ ] ، مێ [ ]

٢. تەمەن: [ ] ساڵ

٣. ئاستی خوێندەواری: ئامادەیی [ ] ، دبلۆم [ ] ، بەکالۆریۆس [ ] ، ماستەر [ ] ، دکتۆرا [ ]

٤. ژمارەی ساڵانی خزمەت: [ ] ساڵ

**دووەم/ زانیاریەکانی تایبەت بە تەوەری توێژینەوەکە:**

**١. سەرکردایەتی کارگێڕی:**

| ژ | بڕگەکان | تەواو هاوڕام | هاوڕام | بێلایەنم | هاوڕانیم | تەواو هاوڕانیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | **پ. شێوازی ئۆتۆکراسی** | | | | | |
| ١ | بەڕێوەبەرەکەم ڕێگە بە ئازادیەکی زۆر دەدات لە کاتی کارکردندا | | | | | |
| ٢ | بەڕێوەبەرەکەم متمانەی بە توانا و لێهاتووی فەرمانبەران هەیە | | | | | |
| ٣ | بەڕێوەبەرەکەم دەسەلاتی هەیە و شکۆی پێگەکەی دەپارێزێت | | | | | |
| ٤ | بەڕێوەبەرکەم سووره لەسەر ئەوەی کەگوێڕایەڵی ئەوبین | | | | | |
| | **ج. شێوازی دیموکراسی** | | | | | |
| ٥ | بەڕێوەبەرەکەم بەشداری بە فەرمانبەران دەکات لە کاتی بڕیاردانندا | | | | | |
| ٦ | بەڕێوەبەرەکەم بە شێوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ هەموو فەرمانبەراندا دەکات | | | | | |
| ٧ | بەڕێوەبەرەکەم ڕێبازێکی پتەو و تایبەتمەند پەیڕەو دەکات بۆ کارکردن. | | | | | |
| ٨ | بەڕێوەبەرەکەم خۆی لە بەکارهێنانی هەڕەشە و سزا دەپارێزێت. | | | | | |
| ٩ | بەڕێوەبەرەکەم شێوازی ڕازیکردن و هاوکاری و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی فەرمانبەران پەیڕەو دەکات. | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | **ح. شێوازی باوانی (النمط الابوي)** | | | | | |
| ١٠ | بەڕێوەبەرەکەم پێداویستی فەرمانبەران دابین دەکات و گرنگی بە هەستەکانیان دەدات. | | | | | |
| ١١ | بەڕێوەبەرەکەم گرنگی بە جیاوازی تاکەکەسی دەدات لە نێوان فەرمانبەراندا. | | | | | |
| ١٢ | بەڕێوەبەرەکەم لە کاتی بڕیاردانددا پشت بە میتۆدی زانستی دەبەستێت. | | | | | |
| ١٣ | بەڕێوەبەرەکەم پێداویستییەکانی ڕاهێنانی کارمەندەکان دابین دەکات. | | | | | |

## ٢. پابەندبوونی ڕێکخراوەیی

| ژ | بڕگەکان | تەواو هاوڕام | هاوڕام | بێلایەنم | هاوڕانیم | تەواو هاوڕانیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | **پ. پابەندبوونی سۆزداری(الالتزام العاطفي)** | | | | | |
| ١ | هە ست دەکەم ئەو کێ شانەی کە لە شوێنی کاردا ڕووبەڕووم دەبنەوە بەشێکن لە کێشەکانم. | | | | | |
| ٢ | هەست دەکەم بەشێکم لە تیمی کار. | | | | | |
| ٣ | متمانە و هەستێکی بەهێزم هەیە کە سەر بە ئەم وەزارەتەم. | | | | | |
| ٤ | پێم وایە کارکردن لەم وەزارەتەدا ڕە چاوکردن و مانای کە سی هەیە. | | | | | |
| ٥ | هەست دەکەم ئەم وەزارەتە دەستکەوتێکم پێشکەش دەکات کە لە شوێنەکانی تردا بەردەست نییە. | | | | | |
| | **ج. پابەندبوونی پێوەری(الالتزام المعياری)** | | | | | |
| ٦ | پێم وایە گواستنەوەم بۆ وەزارەتەکانی تر لە ڕووی ئەخلاقییەوە نەشیاوە. | | | | | |
| ٧ | بەزەحمەت بڕیاری وازهێنان لەم وەزارەتە دەدەم. | | | | | |
| ٨ | گرنگی بە ناوبانگ و ئایندەی وەزارەتەکە دەدەم | | | | | |
| ٩ | هەست بە قەرزاری ئەم وەزارەتە دەکەم بەهۆی ئەو ئیمتیازە گەورانەی کە پێشکەشم دەکات. | | | | | |
| ١٠ | پێم وایە وەزارەت شایەنی دڵسۆزی و پەرۆشی منە. | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ح. پابەندبوونی بەردەوام (الالتزام المستمر) | | | | | | |
| ١١ | هەست دەکەم مانەوەم لە کارەکەی ئێستامدا ڕەنگدانەوەی پێویستی کارکردنمە. | | | | | |
| ١٢ | باوەڕم وایە وازهێنانم لەم وەزارەتەدا کێشە و پشێوی زۆر دروست دەکات. | | | | | |
| ١٣ | هەست دەکەم بژاردە و هەلی کارم سنووردارە سەبارەت بە جێهێشتنی کارەکەم لەم وەزارەتەدا. | | | | | |

حكومة اقليم كوردستان - العيراق
وزارة التعليم العالي و البحث العلي
الجــامــعة اربـــيل الـتــقـنـية
كلية التقنية الادارة - اربيل
قسم تقنيات إدارة الأعمال

# القيادة الادارية و دوروها في تعزيز الالتزام التنظيمي

## دراسة تحليلية لاراء عينة من الموظفين في وزارة التعليم العالي و البحث العلمي في مدينة اربيل

البحث مقدمة

الي مجلس قسم تقنيات ادارة الاعمال كجزء من متطلبات نيل درجة بكالوريوس في العلوم الادارية

**من أعداد الطلبة:**

١ .يحيى بايز رسول
٢ .احمد زرار سعيد
٣ .جنان حامد جميل

**بإشراف:**

م. ديلان فؤاد كريم شيرواني

٢٠٧٤كردي ١٤٤٥ هجري ٢٠٢٤ ميلادي

## الملخص

تهدف الدراسة الى معرفة دورالقيادة الادارية في تعزيز الالتزام التنظيمية واتبعت الدراسة المنهج الوصفي التحليلي من خلال وصف و تشخيص أبعاد متغيرات الدراسة و تحليل علاقات الارتباط و التأثير بين متغيري و أبعاد الدراسة.

و تمثلت مجتمع الدراسة بالموظفين في الوزارة التعليم العالي و البحث العلمي حيث تم جمع البيانات من خلال (٥٠) موظفا وقد اعتمدت الدراسة إستمارة الاستبانة كأداة رئيسية للحصول على البيانات والمعلومات المتعلقة بالجانب الميداني وتم استخدام برنامج ( SPSS – Version 22) للتحليل الاحصائي.

و اهم ما توصلت اليه الدراسة وجود علاقة إيجابية قوية بين القيادة الادارية والتزام التنظيمية على المستوى الكلي وعلى مستوى ابعاد القيادة الادارية ( النمط الاتوقراطي، النمط الديموقراطي ،النمط الابوي) مع التزام التنظيمي ،وجود تأثير بين القيادة الادارية بشكل مجتمع في التزام التنظيمي، وجود تأثير معنوي بين أبعاد القيادة الادارية بشكل منفرد في التزام التنظيمي.

و توصى الدراسة في تعزيز ثقافة الاتصال والتواصل المفتوح بين مختلف الأقسام والإدارات في الوزارة . يساهم ذلك في تحسين التفاهم وتبادل المعرفة والخبرات بين أفراد ويعزز الالتزام التنظيمية وبالتالي يؤثر إيجاباً على الأداء الوظيفي ، تحسين و خلق بيئة عمل إيجابية وداعمة تشجع على الابتكار والإبداع والتعاون يشمل ذلك توفير المساحات الملائمة للعمل وتقديم الدعم النفسي والاجتماعي للموظفين، تشجيع القيادة الإيجابية والملهمة و البارعة من قبل الإدارة العليا لانه القيادة الإيجابية تلعب دوراً هاماً في تعزيز الالتزام التنظيمي.



الكلمات المفتاحية :القيادة الادارية ، الالتزام التنظيمي.

# Abstract

The study aims to investigate the role of managerial leadership in enhancing organizational commitment. The study followed a descriptive-analytical approach by describing and diagnosing the dimensions of the study variables and analyzing the correlation and impact relationships between the variables and dimensions of the study.

The study population consisted of employees in the Ministry of Higher Education and Scientific Research, where data was collected from 50 employees. The study relied on a questionnaire as the primary tool for obtaining data and information related to the field aspect, and statistical analysis was conducted using SPSS Version 22.

The main findings of the study include a strong positive relationship between managerial leadership and organizational commitment at the overall level and at the level of the dimensions of managerial leadership (autocratic style, democratic style, paternalistic style) with organizational commitment. There is an impact of managerial leadership as a whole on organizational commitment, as well as a significant impact of individual dimensions of managerial leadership on organizational commitment.

The study recommends enhancing a culture of communication and open communication among different departments and administrations in the ministry. This contributes to improving understanding and knowledge exchange among individuals, enhances organizational commitment, and consequently positively affects job performance. Improving and creating a positive and supportive work environment that encourages innovation, creativity, and collaboration includes providing suitable workspaces and offering psychological and social support to employees. Encouraging positive, inspiring, and effective leadership by top management is crucial, as positive leadership plays a significant role in enhancing organizational commitment.

Keywords: Managerial leadership, organizational

Kurdistan Regional Government
Ministry of Higher education & Scientific Research
Erbil Polytechnic university
Erbil Technical administrative collage
Business administration department

# Administrative Leadership and its role in Enhancing Organizational Commitment

**An analytical study of the opinions of a sample of employees in the Ministry of Higher Education and Scientific Research in Erbil**

**This Research**
**Submitted To the Council of the Business Administration techniques Department in partial fulfillment of the requirement for the degree Bachelor's Administrative Sciences**

**by:**

1. Yahya Bayz Rasul 2. Ahmad Zrar Said
3. Jinan Hamd Jamil

**Supervised by:**

Dilan Fouad Kareem sherwani

**2024**